زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Communication پەیوەندیکردن

قۆناغی ٢


د.ئەكرەم فەرەیدون حەمەئەمین
بەشی راگەیاندن
کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین


٢٠٢٢ -٢٠٢٣

## دەستپێکو سەرهەڵدانی کۆمۆنیکەیشن

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی مرۆڤایەتیەوە تاکەکانی سەرگۆی زەوی بۆ ڕایی کردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، پێویستیەکی زۆریان بەپەیوەندیکردن هەبووە، سەرەتا کۆمۆنیکەیشن بەهۆی دەربڕینی چەند دەنگێکەوە بووە کە بەشێوازی هاوار، قریوە، پاڕانەوە، گریان، پێکەنین، دەربڕ دراون.

لەسەرەتای سەرهەڵدانی ژیانی مرۆڤایەتیدا پەیوەندیەکان پەیوەندیەکی (ناگوفتاری)بوونو پەیامەکانیان بەهۆی جوڵاندنی ئەندامەکانی جەستەوە دەگایەندە بەرامبەرەکانیان، دواتر مرۆڤ بۆ گەیاندنی پەیامەکانی خۆی دەستی دایە هەڵکۆڵینو نەخشاندنی هێماکانی ئەو پەیامەی کە مەبەستی بووە لەبەرامبەرەکەی بگەیەنێت.

ناو قوڵای ئەشکەوتەکان نیشاندەری ئەو جۆرەن لەپەیوەنیکردنو هێندێک هەڵکۆڵینو نوسینو وێنە هەن کە دیرۆکەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٢٠,٠٠٠ ساڵ لەمەو بەر لەناوچەی کانتا بریان لەباشووری خۆرئاوای فەرەنساوباکووری ئیسپانیا جۆرێک لەو هەڵکۆڵینو وێنەونوسینانە دۆزراوەتەوە کەزۆر سەرنج ڕاکێشن بەدرێژایی مێژوو شادەماری هەموو کۆمەڵو گروپە مرۆییەکان کۆمۆنیکەیشن هەبووە، کۆمۆنیکەیشن کردنیش بۆ مرۆڤەکان چ پەلامار دار بووبن یاخود بەرگریکەر گرنگو پڕبایەخ بووە، لەسەدەی "چوارەمی پێش زایین"دا داریوشی سێیەمی پادشای فارسی سیستەمی ناردنی هەواڵی دانا، هەواڵ بەرەکان باشترین ئەسپی چاپوکو خۆشڕۆیان دەخرایە بەردەست، هەروەها ئەسکەندەری گەورەش لێدانی تەپڵی بەکاردەهێنا بۆ گەیاندنی فەرمانەکانی خۆی بەهێزەکانی دواتر لێدانی تەپڵی گۆڕی بۆ هەڵسوڕاندنی ئاڵا پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کەدەنگی تەبڵ لەوانەیە دوژمنیش لەشوێنی هێزەکانی خۆی ئاگادار بکاتەوە.

دەتوانین دەســـت نیشـــانی هێندێک لەو پێشـــکەوتنانە بکەین کەبۆتە هۆی یارمەتییەکی گەورە بۆ گەشـــەکردنی کۆمۆنیکەیشـــنی هاوڵاتیان کەڕوویان داوە لەهەردوو ســـەدەی نۆزدەو بیســـت دا و ئەو کۆمەڵە داهێنـانـە خزمـەتێکی زۆر بـە ڕاگـەیـانـدن کردو ئـەوانیش دۆزینـەوەی ڕێگەیەکی تازە بۆ دروست کردنی وەرەقە لەهەویری تەختەش ئەمەش بووە هۆی هـەرزان بوونی نرخی وەرەقـەوە کـەم کردنـەوەی تێچوونەکانی چاپەمەنیەکان، دۆزینەوەی چاپەمەنی تیشکی کە ئەمەش ۲۰,۰۰۰ چاپ دەکات لەیەک ســـەعاتداو، هەروەها دۆزینەوەی وێنە لەســـاڵی ۱۸۲۲ ئەمەش بووە هۆی ســـەرنج ڕاکێشـــانی زیاتری خوێندەواران لەســـاڵی ۱۹۳۹، دۆزینەوەی بروســـکە(البرق)و(التلغراف) ســـاڵی١٨٤٤ هەروەها پەیوەندیکردنی تەلی(تەلەفۆن) ســـاڵی١٨٤٦ دواتر دۆزینەوەی پەیوەندیەکانی(اللاسلکی واتە بێ تەل) ساڵی ۱۹۰۰ کەبووە هۆی پێشکەوتنی دروستکردنی گواستنەوەی دەنگ‌وباس، دروستکردنی (وکالات الابناو واتە وەکیلە خەبەریەکان) کە هەڵدەستێت بەپێشکەش کردنی خزمەتەکانی بۆ ڕۆژنامەکان وەکو دروستبوونی ئاژانسی ئاسۆ شـێیتد پرێس پرێس ســاڵی ١٨٤٦ لەئەمریکاو دروســتبوونی ئاژانســی ڕۆیتەرز لەبەریتانیا لەسـاڵی ۱۸۵۱، دواتر دۆزینەوەی سـینەما لەسـاڵی ۱۸۹۵ کـەڕێگـەیـەکی پـەیوەنـدیکردنـە کـەوێنـەو دەنـگ و جووڵـە دەگوازێتەوە، دروســـتکردنی هێندێ دامەزراوە کاریان دابەشـــکردنی ڕۆژنـامـەکـانو فراوان کردنی ئیش‌و کـارەکـانیـان کـەتـایبـەتن بەدابەشکردنی چاپکراوەکان بەڕێگەیەکی تازە، لەدوای ئەمە دەرکەوتنی ڕیکلام‌و، هەروەها دۆزینەوەی ڕادیۆ لەســـاڵی ۱۹۰٦ دواتر دۆزینەوەی تەلەفزیۆن لەســـاڵی ۱۹۲۳ لەواشـــنگن و نیویۆرک لەســـاڵی ۱۹۲۷ دۆزینەوەی تەلەفزیۆنی ڕەنگاو ڕەنگ لەســـاڵی ۱۹٤۳، پێشـــکەوتنی زانســـتی بۆ ڕاگـەیـانـدن بـەتـایبـەتی هـەســـتـان بـەدروســـتکردنی پەیمانگاوکۆلیژە تایبەتەکان کەوای لێهات هەر یەکە لەزانســـتەکانی

ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆن‌و پەیوەندیە گشتییەکان بخوێندرێت‌و لەگەڵ هەموو ئەو پێشـــکەوتانەدا پێشـــکەوتنێکی بەرچاو لە (تەقەنیات‌و پەیوەندی ئەلیکترۆنی بەپێشخستنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن).

دواتر چاککردنی ڕێگاوبانەکانی هاتوچۆ وەک شـەمەندەفەرو پاپۆڕو ئۆتۆمبیل‌و فڕۆکە کە هەموو ئەمانە باشـــترین یارمەتی دەرن بۆ دابەشـــکردنی کتێب‌و ڕۆژنامەکان‌و پێشـــکەوتنێکی زۆر لەبواری پەیوەندیکردن‌و گەیاندن نموونە بۆ ئەمەش ڕۆژنامەی(شـرق الاوسـط) لەیەک کاتدا لەسـعودیەو مەغریب‌و بەریتانیاو ئەمریکا بڵاودەکرێتەوەو چاپ دەکرێت ئەمەش بەهۆی تازەگاریەکانی تەکنەلۆجیای پەیوەندیی‌و، هەروەها هەموو جیهان یاریەکانی ئۆلمپی دەبینن لەڕێگای مانگە دەستکردەکانەوە لەیەک کاتدا.

لەدوای ئەمانەوە دامەزراوە ڕێکخراوەکان دەرکەوتن کەپەیوەندی هاولاتیان داناوە بەدروســـتکراوێکی بازرگانی گەورەوباوەڕپێکراو، هەروەها پشـــت بەســـتن بە پەیوەندییە گشـــتیەکان وەک دانانی یەکەم کۆمپانیای پەیوەندییە گشـــتیەکان لەســاڵی١٩٠٤ کەلەلایەن (LvyLee) دایمەزراند کەڕێگەیەک بوو بۆ پێشـــخســـتی کۆمپانیاکان کەهەســتێت بەپتەوەکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هاولاتیاندا، هەروەها بەکارهێنانی ڕێگەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری دواتر پێشکەوتن لەبواری توێژینەوەی زانســـتی‌و تازە گەرییەکان‌و بەکارهێنانی کۆمپیوتەری لەتوێژینەوەو ڕاپرســـیەکاندا، لەهەموو قۆناغە مێژووییەکاندا کۆمۆنیکەیشـــن گرنگی دەدات بەکارکردن لەســـەر گفتوگۆکردن لەنێوان نێرەرو وەرگرەکاندا، هەرتوێژینەوەیەک باســـی پەیوەندی بکات پێویســـتە گرنگی بدات بەهەردوولا ئێمە ناتوانین تێبگەین لەو زانیاریانەی کەبڵاو دەکرێتەوە یان لەڕێگای یەکێک لەکەناڵە جیاوازەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە بەبێ ئەوەی کاری کۆمۆنیکەیشـن بزانن‌و، هەروەها کۆمۆنیکەیشـن لەڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە کاریگەری گەورە لەســـەر تاکەکان‌و کۆمەڵ دەکات،

گرنگی کۆمۆنیکەیشن لەسەردەمی تازەدا زیادی کردووە بەشێوەیەکی فراوان زانستەکان دەورەیان داوین لەهەموو شوێنێکداو لەهەموو لایەکەوە هەتا وای لێهاتووە وەک هەوا دەوری داوین، پەیوەندیکردن (Communication) یەکێکە لەمەرجە بنەڕەتیەکان بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەڕابردوو ئێستاداو لەداهاتوودا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دواکەوتوو پێشکەوتوو هەڵدەستێت بەگواستنەوەی هەستو نەستو داواکاریو زانستەکانی مرۆڤەکان بۆ کەسانی تر تا لەناو کۆمەڵگا بەباشی هەڵسوکەوت بکەن.

لەگەڵ گەشەکردنی زانستو تەکنەلۆجیادا ترانزستۆر (Transistor)و ئەنتیگرێت، تایپە بروسکە (طابعات برقیە)، دەستگای بێ تەل، کۆمپیوتەر، سەتەلایت، ئینتەرنێتو، هەزاران دەزگای پێشکەوتوویان خستە بەردەست مرۆڤایەتی بۆ ئاسان کردنو خێراکردنو کەم تێچونی پەیوەندییەکان بەمەش مرۆڤایەتی چووە قۆناغی دیجیتاڵییەوە، هەموو ئەمانەش پێکەوە قەرزاری هەنگاوە سەرەتاییەکانی شێوازەکانی کۆمۆنیکەیشنن، بێگومان ڕەوتی گەشەکردنیش بەردەوام دەبێت تا مرۆڤایەتی بەردەوام بێت.

کاری کۆمۆنیکەیشن لەنێوان مرۆڤەکاندا کارێکی بنەڕەتیە هەستی پێدەکەینو تێدەگەین لەدەورو بەرەکەمان ئەمەش بەوە دەبێت کاری لەگەڵدا بکرێتو کاریگەری لەسەرمان هەیەو هەستی پێدەکەین، ئەوەش ناگەینە ئەو ڕێگەیەی کارتێکردنەکە تەنها بە کۆمۆنیکەیشن نەبێت، بۆئەوەی بزانین گرنگیو کاری کۆمۆنیکەیشن لەخزمەتی کۆمەڵگایەداو دەوری کۆمۆنیکەیشن تیایدا پێویستە یەکەم هەنگاو لە کۆمۆنیکەیشن تێبگەین و زانیاریمان هەبێت لەدروست بوونی ئەو پرۆسەیەو ئەو ئامرازانەی بەشداری دەکەن لەو نێوەندەداو گرنگی هەر یەکەیان، تێگەیشتن لە کۆمۆنیکەیشن تێگەیشتنێکی تازە نییە لەزانستی ڕاگەیاندندا بەڵکو بەکارهێنراوە لەلایەن توێژەرەکانی سەردەمانی زوو

بەتایبەتی تشـــارلز کولی Colyو جۆن دیوی Dewey هەردووکیان جەختیان لەســـەر ئەوە کردۆتەوە کە کۆمۆنیکەیشـــن زانســـتو بیرو بۆچوون دەگوازێتەوە لەکەســـێکەوە بۆ کەســـێکی تر کۆمۆنیکەیشـــن ناســـراوە بەکارێکی ئاوێتە بوون لەنێوان دوولادا پێویســـتییەکە لەپێویستیەکانی بەڕێوە چوونی ژیانی کۆمەڵایەتی تویژەرەکان هاوڕان لەســـەر کاری پەیوەندیکردن کەکاری جۆراو جۆر لەخۆ دەگرێت بۆ ئامانجو هێنانە دی هەموو شـێوازەکان کەبڵاو بوون ئەمەش ڕوونادات هەتا بەدەســـت نەهێنرێت دەبێتە هۆی دۆزینەوەی تێگەیشـــتنێکی هاوبەش بۆ تێگەیشـــتن لەمانای نێردراوی کۆمۆنیکەیشـــن لەنێوان نێرەرو وەرگردا.

بۆ دروست کردنی پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی دروست کراو لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی هاوبەشی دوو لایەنەیە بۆ ئەو پەیامەی کەلەنێوان هەردوولای پەوەندیەکەدایە واتە نێرەرو وەرگر.

## چەمکەکانی پەیوەندیکردن (گەیاندن):

مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونیەوە پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی لە هەموو بارودۆخەکاندا ئەنجامداوە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی پەیوەندیکارە هەرگیز بەبێ پەیوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە ناتوانێ درێژە بە ژیانی بدات، لەمیانی ئەو پەیوەندیکردنەش زانینو زانیارییان لێ وەردەگرێتو پێیشیان دەبەخشێت. مرۆڤ کاتێک پەیوەندی لەگەڵ خۆیدا دەکات کە بیردەکاتەوەو لە فکران رۆدەچێ، هەروەها لەگەڵ کەسانی دیکەشدا، تا لە بیروباوەڕەکانیاندا بەشدارییان بکات، زانیاریو ئەزموونیان لەگەڵدا دەگۆڕێتەوە. دەکرێ پەیوەندیکردن (گەیاندن) لەنێوان کەسێکو کەسێکیتردا رووبدات کە ئەمەیان بە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی کەسی، یان رووبەروویی face to face___ ناوزەد دەکرێت، یان لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی کەم پەیوەندی دەکات، پەیوەندیکردنەکەش پەیوەندییەکی رەمەکی دەبێ، بێئەوەی پێشتر ئامادەیی بۆ کرابێت، یان دەکرێ رێکخراو بێتو لە چوارچێوەی بنەمای دیاریکراودا بەرنامەڕێژیی بۆ کرابێت، بەمەبەستی هێنانەدی کۆمەڵە ئامانجێک کە پەیوەندیکار پێشتر پلانڕێژی بۆ کردووە.

لەهەموو جۆرە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ێکیش، هێما بەکارهاتووەکان لە دەربڕینی بیرو بۆچوونو گەیاندنی واتاکانیان بە پەیوەندیکاران communicators، یان وشەی وتراو (لفظی)، یاخود وشەی نەوتراو (غیر لفظی) دەبێت، وەکو (ئاماژەکردنو جوولەو شەپۆلەکانی دەنگ).

پەیوەندیکردن (گەیاندن) communication لە وشەی لاتینی communicara وەرگیراوە کە بەواتای (دامەزراندنی کۆمەڵێک، یان بەشداریکردن دێت). لە هەر یەکێک لەو دوو بارەشدا، وشەی پەیوەندیکردن (گەیاندن) بە واتای بەشداریکردنو پێکگەیشتنی ئەو ئەقڵانەیە کە لە تەقەلادایە بۆ دۆزینەوەی کۆمەڵە هێمایەکی هاوبەش لە هزری ئەوانەی بە پەیوەندیکردنەوە سەرقاڵ دەبن، پەیوەندیکردن

(گەیاندن) بە واتای لێک تێگەیشتن‌و هاوسۆزییەک لە گواستنەوەی واتاو بڕواو ئەزموون‌و زانیاریدا. بۆیە پەیوەندیکردن (گەیاندن): پرۆسەیەکە بەدوو ئاراستەدا ئەنجام دەدرێت، لەبەرئەوەی پەیامی پەیوەندیکردن (گەیاندن) پێکەوە بە دوو ئاراستەدا دەڕوات‌و کۆمەڵە ئەرک‌و کارێکی هاوبەش‌و وەڵامی هاوبەش لە نێوان نێرەرو وەرگری لێ لەدایک دەبێ.
پەیوەندیکردن (گەیاندن) - لە بنەڕەتدا – پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوامە، ئێمە تەنها لە میانی زمان، یان وشەی وتراو، یاخود نووسراو پەیوەندیکردن (گەیاندن) ناهێنیینەدی، بەڵکو لەمیانی کۆمەڵێک کرداری جۆراوجۆرەوەش کە بە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی جوولەیی ناسراوە دەهێنیینە دی، وەک ئەوەی لێکتر تێگەیشتنەکە زەردەخەنەیەک بێ، یا رووگرژی، یاخود مۆنیەک (عبوس) بێ، یان لە ڕێگەی سەرلەقاندن، یاخود تەوقەکردنەوە بێت، یان شان هەڵتەکاندن‌و ... ئەوانی دیکە. پەیوەندیکردن (گەیاندن)و جوولانەوەکان بە دەنگێکی بەرز ئەنجام دەدرێن، وەکو لە بەکارهێنانی وشەدا لە باری پەیوەندیکردنی کەسی‌و هەتا لەباری پەیوەندیکردن (گەیاندن) لە نێوان نەتەوەو گەلاندا.

کۆمۆنیکەیشـــن لەڕووی زمانەوانییەوە لەفەرهەنگە عەرەبییەکاندا وشـــەیەکە لەســەرچاوەی (پەویوەندی) وەرگیراوە کەلەبنەڕەتدا بەمانی (پەیوەندگیری) لە فەرهەنگی (القاموس المحیگ او "لسان العرب) ، بەڵام فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێناسـەی کۆمۆنیکەیشـن بەوە دەکات کە بریتییە لەگواســتنەوە یان گەیاندن یان گۆڕینەوەی بیرو ڕای جیاوازو زانیاری بە قسەکردن یان نووسین یان ئاماژەپێدان.

بەڵام لەڕووی هونەریەوە مانی کۆمۆنیکەیشـــن بریتیە لەکردارێک مەبەســـت لێی ســـەرچاوەیەکی چۆنیەتیە کەبەهۆیەوە جوڵاندن‌و وەڵامدانەوەی چۆنیەتی لەلای وەرگر دروســـت دەکات واتە کردارێکی مەبەستداروئامانجدارە کە چەند توخمێکی دیاریکراوی هەیە.

زانایانی کۆمەڵناسی لەوانە(تشارلز کولی) وای دەبینێت کە کۆمۆنیکەیشن بەمانی ئەو میکانیزمە دێت کەبەهۆیەوە پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان دەردەکەون‌و ئەو پەیوەندیە نەشن‌ونما دەکات‌و دەبێتە ئاماژەیەکی عەقڵانیەت بەهۆی هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەوە ئەو هێمایانە شوێن‌و کاتەکان تێدەپەڕینن تا دەگاتە ئامانجەکانیان، بەڵام زانستی کۆمەڵناسی لای " تشارلز ر. رایت" (Ch.R.wright) وای دەبینێ کە پەیوەندی بەشێوەیەکی کرداری مەبەست گواستنەوەی مانایە یان ناوەڕۆکە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا.

بیرلسون ستاینز پێناسەی کۆمۆنیکەیشن دەکات بەوەی کرداری گواستنەوەی زانیاری‌و ئارەزوو هەستە زانراوەکان‌و تاقیکراوەکانە، بەڵام بەکارهێنانی هێماو وشەکان‌و وێنەکان‌و ئامارەکان بەمەبەستی باوەڕ پێ هێنان یان کارکردنە سەر خو ڕەوشت (الجردی، نبیل عارف: هەمان سەرچاوە، ل٢٢)، بەڵام " روجرز و کنکاید" دەڵێن کۆمۆنیکەیشن بریتیە لەو کردارە کە تاکەکانی کۆمەڵ زانیاری گۆڕانی نێوانیان دەخولقێنێت تا بگەنە تێگەیشتنێکی هاوبەش.

توێژەر " کارل هوفلاند" وای دەبینێ: ئەو کردارەیە کەهەر بەمەبەست دەگوێزرێتەوە بۆ بەئاگا هێنانەوەی وەرگرو ڕاستکردنەوەی خۆی وەرگر، بەڵام" ئیدوارد سابیر بەپێچەوانەی کارلەوە دەبینێ کەپەیوەندی ئەوحاڵەتانە دەگرێتەوە کەگواستنەوەو مەبەستێکی دیاریکراوای لەپشتەوە نییە بۆ بەئاگاهێنانەوە، بەڵام کەسانێکی وەکو "ستیفنز" وای دەبینێت کە کۆمۆنیکەیشن ئاماژەیە بۆ کارلێکی(دەرەوەی مرۆڤ) کە لەپێناسەیەکدا نێرەرو وەرگر دەگرێتە خۆ واتە پەیوەندی نێوان هەر زیندەوەرێک جگە لەمرۆڤ.. هێندێکی تر مانای پەیوەندی فراوانتر دەکەن بۆ بازنەیەک کە شتە بێگیانەکانیش بگرێتەوە لەوانەش " نوبرت و بینز" کەپێناسەی بەشێوەیەکی بەرفراوانتر دەکات تا دەگاتە ڕادەی کارلێکی نێوان ئامێرەکان.

کۆمۆنیکەیشـــن لای"جورج لندبرج" ئەو جۆرە کارلێکەیە بەهۆی هێماکانەوە ڕوودەدات، دەگونجێ جوڵە یان زمان یان هەر شتێکی دیکە بێت هەستی مرۆڤ بە ئاگادێتەوە.

"تشـــارلس موریس" دەڵێ وشـــەی کۆمۆنیکەیشـــن کاتێک بەکار دەهێنرێت کەبەشـــداربووان زۆر دەبن لەکارێکی دیاریکراودا، بەڵام "موریس" پەیوەندی کورت دەکاتەوە بەبەکارهێنانی هێماکان بۆ بەدەســتهێنانی بەشــداربوانێکی زۆرو فراوان، واتە ئەو بەدەســتهێنانە دروست بوو سەبارەت بە ڕووداوێکی دیاریکراو بەیارمەتی هێما بێت یـان هـەر ڕێگـایـەکی تر مۆریس پێی دەڵێـت بڵاوە (شـــیوعی) (Communication)، بەم پێوانەیە لەسەر ئەوە کاتێک کەسێک تورە دەبێت ئەو تورەبوونەوە دەگوازێتەوە یەکێکی تر ئەوکاتە هەســـت پێکردنێکی تێدا دەبێت کەبڵاوە، لەلایەکی ترەوە یەکێک دەست پێدەکات بەچەند بەڵگەیەکەوە کەتوڕەبوونی تێدایە بەبێ ئەوەی تورە ببێ بەڕاســـتی ئەم دەرکەوتنانە یەکێکی کە والێ دەکات کەلەلای خۆیەوە ڕوودەدات لەم کاتەدا ئەوە کۆمۆنیکەیشنە.

کۆمۆنیکەیشـــن پڕۆســـەیەکە کەڕاگەیاندن بەکاردەهێنێ بەجۆرو نـاوەنـدو وەرگرەوە، بـەڵام بـەوتوێژو گفتوگۆو ڕازیکردنـەوە تـاکو پەرەســـەندنی تایبەت بێتەدی لەگەڵ بەشـــداریکردنی کارا لەبڕیاردان‌و هێنانەدی دیموکراسیەتی ڕاگەیاندن.

لقێکی نوێیە لـەزانســـت کـەلـەگـەڵ مـاتمـاتیک، فیزیا، دەروونزانی، زانستەکانی ژیان، زماننـاسـی...هتد پەیوەندییەکی پتەویان هەیە دەکرێ بڵێین زانستی پەیوەندیکردن تێکەڵەیەکە لەهەموو ئەو زانستانە.

بەلای" تۆماس نیلســـۆنەوە" بریتیە لە" پڕۆســـەیەکە لەلایەکەوە ڕوون‌وئاشکرایە، لەلایەکی تریشەوە ئاڵوزو تەم‌ومژاویە واتە چەمکەکە ڕوونـەو بـەڵام ئـەگـەر بتـەوێ بـەدواداچوون دەربـارەی ســـنوورە کاریگەرییەکانی ئەنجام بدەیت ئەوا مەسەلەکە تەمو مژاوییە.

کۆمۆنیکەیشـــن بریتیە لەو کارەی کە مرۆڤەکان پێ ی هەڵدەســـتن لەهەر کاتێکدا بەگواســـتنەوەی نامەیەک لەنامەکان کەتیایدا زانیاری یان ڕاوبۆچوونی تێدایە کەباســـی دەکەین بۆ خەڵکانی تر بۆ گەیشـــتن بەئامانجی خۆت لەڕێگای نیشـــانەکانەوە بەبێ چاوپۆشـــی کردن لەوشتانەی کە ڕوودەداتو کەدێنە ڕێگەی.

بەر لە٣٠٠ ســاڵ پێش زایین پێناســەی کۆمۆنیکەیشــن لای ئەرســتۆ بــەمجۆرە بوو: بریتیــە لــە گــەڕان بۆ بــەدەســـتهێنانی هــەموو کەرەستەوتوانیایەکی بەردەست بۆ هاندانو بڕوا پێکردنی کەسانی تر.

لــەم بــاســـکردنــانــەی پێشـــــەوە ئــەوەمــان بۆ دەردەوکــەوێت کەپەیوەندی(کۆمۆنیکەیشن) بریتیە لە:

١.گۆڕانکاری بەردەوام لەکات.

٢.کارلێکی زانیاریەکان.

٣.ئاڕاستەکراوە (بەمەبەست).

بەڵام کۆمۆنیکەیشـــن لەبواری ڕاگەیاندن دا یان لەبواری پڕاکتیکیدا بەگشـــتی مەبەســـتەکان لیی ئەو کردارەیە کار دەکات بۆ هەڵێنجانی زانیاری ژمارەوهێماکانی پێویســـت بۆ بەردەوامی کرداری ڕاگەیاندن لـەڕێگـەی کۆکردنـەوەو گواســـتنـەوەی بـەهـەموو لایـەکدا( دابـەزین، ســـەرکەوتن، ئاســۆیی) لەناوپەیکەری ڕێکخســتنودەرەویدا، کردارێکی بـەردەوامـە بۆ گـەیشـــتن بـەیـەکرتی هـەموو ئـەوانـەی کـار دەکـەنو، هەروەها پێناســـە دەکرێت بریتیە لەپەیوەندییەکی مرۆڤایەتی وتراو یان نووســـراو کەلەناو دەزگایەکدا لەســـەر بواری تاکەکســـیو کۆمەڵگادا دەردەکەوێت هاوبەشـــی دەکات لە پێشـــخســـتنی کاروبەهێز کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان نێرەرو وەرگر.

دابەشکردنی پەیوەندیکردن (گەیاندن) بۆ جۆرو شێوەی جۆراوجۆر لە توێژەرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازی هەیە، لەوانەیە باشترین

دابەشکردنی جۆرەکانی پەیوەندیکردن (گەیاندن) لەرووی رەگەزە هاوبەشە بەشداربووەکانییەوە ئەم دابەشکردنە بێ بۆ: پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی خودی، پەیوەندیکردن (گەیاندن) کەسی، پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی بەکۆمەڵ، پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی جەماوەری.

ناسینی هەر شێوەیەک لەو شێوانەش کارێکی پێویستە لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، لەوانە دەستنیشانکردنو وێنەکێشانی هەر یەکێکیان، وێڕای تێکچڕژاویو پەیوەندییان بە یەکترییەوەو دەرکەوتنی ئەو ئاستە جیاوازانەی کە تیایدا هەڵسوکەوتی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی مرۆیی ئەنجام دەدرێت، لە کۆتاییشدا لەبەرئەوەی بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن) بەشێوەیەکی گشتیو پەیوەندیکردن (گەیاندن) بە جەماوەرەوە بە شێوەیەکی تایبەتی یارمەتیدەرمان دەبێ.

## پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی خۆیی:

ئەو پەیوەندیکردنەیە کە لە نێوان مرۆڤو خودی خۆیدا ئەنجام دەدرێت، بەمەش هەر خۆی نێرەرو لەهەمان کاتیشدا وەرگریشە. چۆن هەستو بیردەکاتەوە؟، چۆن لە رێگای هەر پێنج هەستەوەرەکەیەوە زانیاریو هێماکان وەردەگرێتو شرۆڤەو شییاندەکاتەوەو چۆن ئەزموونەکان دەگۆڕێت بۆ واتاو چۆنیش وەڵامی هەر هەموو ئەوانە دەداتەوە؟

کەواتە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی خۆیی، یا (خۆپەیوەندیکردن) بەشداری لە ناساندنی مرۆڤ بەخۆیەوە دەکات وەکو بیرمەندو پەیوەندیکارو بەشدارێک لە تێگەیشتنی پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن) بە هەموو ئاستەکانییەوە.

گومان لەوەشدا نییە کە گەشەی مرۆڤ لەمیانی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانییەوە، دەربڕینی گەشەی دەسکەوتو تواناکانی پەیوەندیکردن (گەیاندن) لەلای، ئەم پەیوەندیکردن (گەیاندن)ەش بە بەکارهێنانی ئەو

هێمایانە دێتەدی کە دەربڕی ئەزموونەکانی مرۆڤو دەرکپێکردنی دەوروبەرەکەیەتی، ئەو هێماو ئەزموونانەش لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا دەگۆڕێتەوە، بەمەش هێماکان واتاکانی خۆیان لە کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەکەیدا دەخەنە ڕووو دەردەکەون.

گەشەی مرۆڤیش، واتە گەشەی هێماو زانیارییە کەڵەکەبووەکانی، کە کۆی ئەزموونەکانی دەگرێتەوە. هێماکان بەشداری لەو پەیامانە دەکەن کە لە ئەقڵەوە دەردەچن، پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی مرۆییش لەسەر بنەمای ناردنو وەرگرتنی پەیام بۆ هێنانەدی ئامانجی دیاریکراو سەرچاوەی گرتووە. پرۆسەکەش بەمجۆرەی خوارەوەیە:

ئەقڵ تێبینی شتەکان دەکاتو پەیوەندییەکی لۆژیکیانەیان لەنێواندا دروست دەکات، چونکە مرۆڤ شتەکان بە تەنهایی نابینێت، بەڵکو بە پێکەوە گرێدراوییان دەبینێت، بە جۆرێک کە واتایەکی دیاریکراویان بەبەردا دەکات، بەمەش دەرئەنجامی کارلێکی واتاکان لەگەڵ زانیارییە گەنجینەکراوەکان(خەزنکراو) دەبنە هۆی پێکهێنانی زانیاری کەسی، یان وێنەی ئەقڵی image- کە مرۆڤ لەبەر ڕۆشناییدا رەفتار دەکات، بەجۆرێک کە کردارو گفتارەکانی لەگەڵ ئەو زانیاریو وێنە ئەقڵیانەدا گونجاو دەبن.

لێرەوە، رەفتاری مرۆیی پشت بە وێنەی ئەقڵی دەبەستێتو هەڵوێستی مرۆڤ لە پرسێکی دیاریکراوو بارێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکات کە ملکەچو گونجاو بێ لەگەڵ ئەو وێنە ئەقڵییە کە ئەویش دەرئەنجامی ئەو ئەزموونو زانینە کۆکراوەیەی لای تاکەکانە سەبارەت بەو پرسە. (بۆلدینج) وایدەبینێ کە مرۆڤ – لە کاتی گەشەکردنیدا- پەرە بە بۆچوونێکی رێکوپێک لەسەر جیهانو کاروبارە جیاوازەکان دەدات، وێنە ئەقڵییەکان لای جێگیر نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ئەنجامی کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆییو لەگەڵ خەڵکانی دیکەو لەگەڵ ڕووداوە جیاوازەکاندا لە بزاوتێکی بەردەوامدایە، واتە ئەو پەیامانەی کە

مرۆڤ وەریاندەگرێت، جگە لە ئەزموونێکی زانیاری کە دەڕژێتە وێنەی ئەقڵیەوەو کاریان تێدەکات شتێکی دیکە نییە. بەمجۆرە، ئەو واتایانەی پەیامەکان هەڵیدەگرن دەبنە هۆی روودانی گۆڕانکاری لە وێنە ئەقڵییەکە، ئەوەش بەمجۆرەی خوارەوە:

١. ئەگەر هاتو ئەقڵ تێبینی پەیامەکەی نەکرد، یان لێی تێنەگەیشت، ئەوا وێنەکە بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک وەکو خۆی دەمینێتەوە.

٢. ئەگەر هاتو ئەقڵ تێبینی پەیامەکەی کردو وەریگرتو لێی تێگەیشت، ئەو کاتە ئەو گۆڕانکارییەی کە لە وێنە ئەقڵییەکەدا روودەدات لەنێوان زیادکردنی زانیارییەکی نوێ بۆ سەر وێنەکە، یان روونکردنەوەی شتی نوێ کە پێداچوونەوەی تێدا روودەدات، یان گۆڕانکاریو گۆڕینەوەی تێدا روودەدات، ئەمەش دووبارە بونیادنانێکی تەواوو نوێی وێنەکەی لێ دێتە بەرهەم.

ئەمەش گرنگیی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی خودی لە ژیانی مرۆڤ و دەوڵەمەندکردنی توانای لە پەیوەندیکردنی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەرو تێگەیشتنی دووپات دەکاتەوە. پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی خودی بە درێژایی ژیانی مرۆڤ بەردەوام دەبێتو کۆتایی نایەت، هەتا لەکاتی خەوتنیشدا پەیوەندیکردنێک لە نێوان مرۆڤو ئەقڵی شاراوەیدا روودەداتو لە ئەنجامیشدا زانیاریو پەیام وەردەگرێتو بە هەمان شێوەش لێی دەگوازرێتەوە، ئەویش یان بە گفتار، یاخود کردار، یان جوولە کە مرۆڤ لە خەونەکانیدا دەیانبینێت، یان هەر رەفتارێکی جوولەیی دیکە کە لەکاتی خەودا پێی هەڵدەستێت.

## پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی کەسی:

ئەو پەیوەندیکردن (گەیاندن)ەیە کە لەنێوان کەسێکو کەسێکی دیکە، یان زیاتر بەشێوەیەکی راستەوخۆو رووبەڕوو روودەداتو هێماو واتاکان دەگۆڕنەوە، بەمەش دەرفەتی دڵنیابوون لە گەیشتنی واتاکان لە میانی پەرچەکردارە ئاڵوگۆڕکراوەکانەوە دەرەخسێنێتو پاڵ بە نێرەرەوە دەنێت پەیامەکەی رێکبخاتو واتاکانی روونبکاتەوە، بەشێوەیەک کە تێگەیشتنێکی تەواو بە بیروباوەڕەکانی ببەخشێت.

هەروەکو "دین بارنلند" پێی وایە توێژینەوەی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی کەسی بایەخ بە توێژینەوەی بارە سرووشتییە "نافەرمییەکان" دەدات کە تیایدا کەسەکان رووبەڕوو یەکتر دەبینن‌و لە نێوانیاندا کارلێک روودەدات، چونکە هەردوولایان ئاگاییەکی تەواو بە یەکتری دەدەن، ئەویش لە میانی گۆڕینەوەی هێما (لفظی و غیر لفظی)ەکان. پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی کەسی ژمارەیەک خەسڵەتو تایبەتمەندی خۆی هەیە کە بریتین لە:

١. بوونی دووکەس یان زیاتر رووبەرووی یەکتر دەبنەوەو بە پەرۆشەوە تێبینی یەکتر دەکەن.
٢. پەیوەندیکردنی کەسی لەسەر بەشداریکردنی هەردوو لایان وەستاوە کە دەبێتە هۆی کارلێکردنێکی چڕ، چونکە رەفتاری پەیوەندیکردن (گەیاندن) لە کەسی یەکەم گرێدراوی رەفتاری پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی کەسەکەی دیکەیە، بەمەش بەشداری یەکێکیان پشت بە بەشداری ئەوەی دیکەیان دەبەستێت، هەروەها پشت بەو هێمایانەش دەبەستێت کە پێشکەشیان دەکات.
٣. کارلێکی چڕیش لەمیانی ئاڵوگۆڕی پەیامەکان بەردەوام دەبێ، واتە بەشدار بوو پەیامەکەی ئاراستەی ئەوەی دیکە دەکاتو تیایدا بایەخ بە پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی نێوان هەردوولایان دەدات.

٤. کارلێک کردن لەسەر بنەمای ئەو دۆخە وەستاوە کە تیایدا بەشداربووەکان رووبەروو پەیوەندی دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەکارهێنانی هەر پێنج هەستەوەرەکەو هێما لەفزیو نا لەفزیەکان.

٥. دواهەمینیشیان، ئەو دۆخەی کە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی کەسی، یان رووبەرووی تیایدا روو دەدات، دۆخێکە – زۆرجار- بەرنامەڕێژیی پێشینەی بۆ نەکراوەو جگە لەچەند یاسایەکی کەم نەبێت کە ئەویش هەر لەخۆڕا روودانە.

پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی کەسی پرۆسەیەکە – لە میانیدا- پەیوەندی دانان لەگەڵ کەسانی دیکەدا، پێویستییەکانی تاک دەیسەپێنێت. لەو سۆنگەیەشەوە سێ پێداویستی هەن کە لەبەر رۆشناییاندا مرۆڤ هەڵسوکەوتو رەفتارەکانی خۆی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دیاری دەکات:

* پێویستی مرۆڤ بۆ تێکەڵبوونو کارلێککردن لەگەڵ خەڵکانی دیکەداو سەرنج راکێشانیان بۆ خۆی.
* پێویستی مرۆڤ بۆ ئەوەی کار لە خەڵکانی دیکە بکات، تاکو دەسەڵاتو بەهێزیو توانای خۆی بۆ ئەو کاریگەرێتییە بسەپێنێت.
* پێویستی مرۆڤ بۆسۆزو دڵنەواییو هاوڕێیەتیو دۆستایەتی.

دەرفەتی سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی کەسی لە شێوە پەیوەندییەکانی دیکە زیاترە، ئەوەش لەسایەی رووبەڕووبوونەوەی هەردوو لایەنی پرۆسەی پەیوەندیکردنەکەو توانای هەر یەکێکیان لە دووبارە داڕشتنەوەی هێماکانی پەیامەکەی بەجۆرێک کە ئاستی تێگەیشتنو وەرگرتنی پەیامەکەی لای خەڵکی ئاسان بکات. کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش هەن کە سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی کەسی زیاتر دەکەن، گرنگترینییان:

أ- روونیو رەوانی بابەتەکە لای بەشداربووان، بەجۆرێک کە بابەتی پەیامەکە لەگەڵ چوارچێوەی بۆگەڕاوە (الاطار المرجعی)، یان ئاستی زانیینی نێرەرو وەرگر بگونجێت.

ب- توانای (التقمص الوجدانی) لای هەردوو لایەنی پەیوەندیکار، واتە توانای هاوسۆزی لەگەڵ خەڵکانیترو دەرککردن بە هەستو نەستەکانیان.

ج- بەشداربوو توانای بەدەستهێنانی بڕوای ئەوانەی دیکەی هەبێت.

د- راستگۆییو رەسەنێتیو بایەخ پێدانی راستەقینە بە بابەتەکە.

ە- تێگەیشتن لەهەستی ئەوانەی دیکە، بەسەرکەوتن بەسەر واتاو وشکو برینگییەکانی وشەو هەوڵی دەرککردن بەهەستی ئەوانەی دیکە دەرککردنێکی راستو دروست.

## پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی کۆمەڵی:

بریتییە لەو پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ەی کە لە نێوان کەسێکو کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراوی وەرگر کە شوێنێکی تایبەت لەگەڵ نێرەردا کۆیان دەکاتەوەو تیایدا دەتوانن یەکتری ببیننو گوێبیستیان لەیەکتری بێت، هەروەها - تا ئاستێکی زۆریش - دەتوانێ ئاگای لە پەرچەکردارەکانیشیان هەبێت بەرامبەر پەیامەکەیو دواتریش هەموارکردنی بەجۆرێک کە تێگەیشتنی زیاتر بە وەرگر بگەیەنێت. لە نموونەی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی کۆمەڵیش وەکو (وانەکانی زانکۆو وتارەکانی نوێژی هەینیو وتنەوەی وانەی کڵێساو چاوپێکەوتنە میللییەکان*و کۆنگرەکانو.. تاد.

وێڕای ئەوەی کە ئەم پرۆسەیەیان لە رێساکانی پەیوەندیکردنی کەسییەوە نزیکە، بەڵام واچاکترە جیاوازییان لە نێواندا بکەین، چونکە نەریتو هەڵوێستی مرۆڤ زیاتر لەژێر کاریگەرێتی کۆمەڵە مرۆڤەکاندا دەبێت کە ئەو کەسە لەریزیاندایەو لە گەڵیاندا تێکەڵە، لەم بارەشدا رۆڵی ئەو کۆمەڵە بچووکانە وەکو زنجیرەی بەیەک گەیشتنی نێوان تاکو کۆمەڵگای لێدێت.

دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵە بچووکانەی کە لەنێوانیاندا پەیوەندیکردنی کۆمەڵی روودەدات، بەزۆری لەو کەسانە پێکدێ کە یەکتر دەبینن‌و پێکەوە سەبارەت بە کاروباری جۆراوجۆر گفتوگۆ دەکەن‌و لە چوارچێوەو پێودانگی بەرژەوەندیی هاوبەشەوە یەکتر دەبینن، وێڕای ئەوەی هەر کەسێکیان ئامانجی تایبەتیی خۆی هەیەو تەقەللای بۆ دەدات، کەچی – زۆر جار – لەپرسی جۆراوجۆرو جیاوازدا بەلای وەرگرتنی هاوهەڵوێستیدا دەچن.

## پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی جەماوەری:

پەیوەندیکردنی جەماوەری (گەیاندنی جەماوەری)، پەیوەندیکردنێکی رێکو داڕێژراوەو لەسەر بنەمای ناردنی پەیامێکی ئاشکراو گشتی لە دەزگایەکی راگەیاندنەوە بۆ وەرگرەکانی ئەنجام دەدرێت. پەیامێکی راگەیاندن لە رێگەی ئامرازێکەوە دەنێردرێت، ئامرازێک کە توانای کۆپیکردن‌و لەبەرگرتنەوەی پەیامە ئەسڵییەکەی هەیە، تا بەسەر جەماوەرێکی فراوان‌و پەرشوبڵاو لەگەڵ یەکتری جیاوازدا دابەشی بکات.

ئامانجی راگەیاندنی جەماوەری هێنانەدی مەبەستی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرە وەکو (هەواڵ، کاتبەسەربردن‌و خۆشبژێیی، فێرکاری، رۆشنبیرکردن، بانگەشەو ... تاد)، بەهۆی ئەوەو لەبەر گەورەیی‌و زۆری جەماوەری وەرگرەوە، وا دەخوازێت کە پەیامەکە کاریگەرییەکی تەواو لە دەروونی وەرگرەکاندا بکات، بەمەش کار دەکاتە سەر بیرو باوەڕو رەفتارەکانیان. رەنگە گرنگترین لایەنی خەراپی پرۆسەی راگەیاندنی جەماوەری، نەبوونی دەنگدانەوە (feed back - رجع الصدى) بێت، هەروەها پەیوەندیکردنێکی تاک لایەنەیەو تەنها جەماوەر تیایدا (وەرگرە)، ( بێ ئەوەی نێرەر هەست بە کاریگەرێتی راستەوخۆی پەیامەکەی بکات – وەرگێڕ).

بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەی نەبوونی دەنگدانەوە لە راگەیاندنی جەماوەریدا، راگەیاندکاران پەنا دەبەنە بەر شێوازی زانستی جۆراوجۆری دیاریکراو وەکو توێژینەوەو راپرسی جەماوەریو بارۆمەتری گوێگرتنو بینینو توێژینەوەی گوێگرانو پەیوەندیکردنێکی تەلیفۆنیو نامەی خوێنەرانو گوێگرانو بینەران.

دەتوانین ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندییانە دەستنیشان بکەین کە راگەیاندنی جەماوەری لە جۆرەکانی دیکەی پەیوەندیکردن (گەیاندن) جودا دەکاتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. جەماوەری وەرگری گەیاندنی جەماوەری ژمارەو قەوارەی زۆرەو تاکەکانیشی لە رووی زانینو ئاستی تەمەنو ئارەزووو مەیلو دابو نەریتو بەهاوە لەیەکتر جیاوازن.
٢. نێرەر راستەوخۆ جەماوەرەکەی نابینێتو جگە لە شتێکی کەم گوێی لەهیچ نابێت.
٣. هەر بۆیە دەنگدانەوە (feed back- رجع الصدى)و پەرچەکردار زۆر کەم هەست پێدەکرێت.
٤. سرووشتی ئەم راگەیاندنو پەیوەندیکردنە، بەهۆی یەک ئاراستەییەوە، ناردنی زانیاری لەیەک لایەنەوەی بەسەردا زاڵ دەبێت، واتە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر.
٥. پەیامە نێردراوەکان گشتیو ئاشکرانو دەگەنە هەموو کەسێک ئەوانەی لەیەک کاتدا ئارەزووی خوێندنەوە، یان گوێگرتن، یاخود بینین دەکەن.
٦. ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری – بەو پێیەی کە خاوەن تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوون- بواری بڵاوکردنەوەی پەیامەکانو پەخشکردنیان بە خێراییەکی تەواوو ئامادەکارییەکی زۆرەوە بۆ دەرخسێت.

٧. سەرچاوەی ناردنی ئەو پەیامانە- بەزۆری- لە دەزگای گەورەوەیە کە خاوەن بودجەو یاساو سیاسەتی تایبەت بەخۆیەتی بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی.

٨. پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی جەماوەری، پرۆسەیەکی ڕێکوپێکو داڕێژراوە، واتە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نییەو پێشتر بەرنامەڕێژیو ئامادەکاری بۆ کراوەو ژمارەیەک شارەزاو پسپۆر پێی هەستاونو پێویستی بە بودجەی زۆر هەیەو ئامێرو ئامرازی ڕاگەیاندنی ئاڵۆزو پێشکەوتووی تێدا بەکار هاتووەو کار بۆ هێنانەدی ئامانجی دیاریکراو دەکات.

کاتێک باس لە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی جەماوەری دەکەین، ڕاستەوخۆ تووشی کێشەی" هێما زمانەوانییەکان" دەبین، چونکە جەماوەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری زۆرو زەبەندو قەبەو نادیارو جۆراوجۆرو لێکتر جیاوازو نەگونجاوەو بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، هەروەها تاکەکانی جەماوەرەکەیشی لەلایەک بەیەکتر نامۆنو لە لایەکی دیکەشەوە بە ڕاگەیاندنکارانیش نامۆو نەناسیارن، جگە لەوەش جەماوەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری یەکەیەکی دابڕاو نین، تا بتوانرێت لەیەک شوێنو یەک کەسەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکرێت، وەکو لە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی کەسی ئەنجام دەدرێت.

پرسیارەکە ئەوەیە: ڕاگەیاندنکار چۆن لە دروستکردنی بڕیارە تایبەتییەکانی سەبارەت بە جەماوەرەکەی سەرکەوتوو دەبێ؟ چۆن لە سەرکەوتنی ئەنجامدانی کارەکەی دەکۆڵێتەوەو دڵنیا دەبێ؟ کەی دەبێ بەردەوام بێتو کەی ڕاوەستێت؟ کەی دەبێ پەیامەکەی بگۆڕێت، یان پەخشی نەکاتو ڕایبگرێت؟

زۆرێک لە ڕاگەیاندنکاران وەڵامی ئەم پرسیارانە، یان هەندێکیان، ئەوانەی ڕێگاو شێوازی دیکەیان هەیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، ڕێگای ڕووپێوکردنو ڕاپرسی، یان لە ڕێگای دەنگدانەوەیەکی

درەنگوەخت کە جۆرێک لەهەستکردن بە جەماوەرەکانیان پێدەبەخشێت، وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.

## پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن):

پەیوەندیکردن (گەیاندن) رۆڵێکی بنەڕەتیو کارا لەژیانی مرۆڤایەتیدا دەبینێت، بەو پێیەی کە هۆکارێکی سەرەکی بەردەوامبوونو لێکدانەبڕانی خەڵکیو نەشونماکردنی شارستانەییەکانو پێشکەوتنیانە. مرۆڤ بە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی هێماییو زمانەوانی لە بوونەوەرەکانی دیکە جوودا دەکرێتەوە. زمانیش وەکو سیستەمێک لە "هێما" پەرەیسەند، بە جۆرێک کە مرۆڤ بەهۆیەوە بتوانێت ئاڵوگۆڕی واتاو زانینو ئەزموونەکانی لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا ئەنجام بدات. هێماکانی زمان واتادارنو واتاکانیشیان لە ئەنجامی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی بەردەوامو رێککەوتن لەسەری هاتوونەتە بەرهەم.

پەیوەندیکردن (گەیاندن) – بەم چەمکە- کارزانیو لێهاتووییەکی مرۆیی جیاوازەو لەسەر بنەمای بەکارهێنانی هێماکانو ئاڵوگۆڕکردنیان راوەستاوە، کە ئەویش پرۆسەیەکی ئاڵۆزو تێکچڕژاوی چالاکییە مرۆییو دەروونیو کۆمەڵایەتییەکانە. وشەی کردار – process – ئاماژەیە بۆ ئەو دیاردەیەی کە رووداوو پەیوەندییەکانی پەیوەستو گرێدراون بە خەسڵەتی دینامیکیو بزاوتو گۆڕانکاریو بەردەوامییەوە، بە جۆرێک نە سەرەتاو نە کۆتاییەکی دیاریکراوی نییەو رووداوەکانیشی ملکەچی زنجیرەیەکی دیاریکراو نیین، بەڵکو رەگەزەکانی (ژانرەکانی) کارلێک دەکەن، بەجۆرێک هەر رەگەزەو کار لەوەیتریان دەکاتو کاریشی لێدەکرێت.

لێرەوە، پرۆسەکە واتای چەسپاوی نابەخشێت، بەڵکو واتای بزووتنەوەیەکی. بەردەوامە پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن)یش خاوەنی هەمان خەسڵەتو واتایە. هەروەها شیکردنەوەو

شرۆڤەکردنیشی پێویستی بە ناسینی لایەنە جیاوازو ئاڵۆزەکانیو ئاشکراکردنی ئەو ڕەگەزانەی کە لە پێکهاتنیدا بەشدارو ئاوێتەی یەکتر بوون، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە ناخی خودی پەیوەندیکارو مێشکییەوە هەیە، بەڵام هەندێکیتریان پەیوەندییان بەوەوە هەیە کە لەکاتی پەیوەندیکردن بە خەڵکانی دیکەوە ڕوودەدەن.

لە پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن)یشدا دوو لایەنی سەرەکی هەن کە پێویستە لێیان تێبگەینو دەرک بە ڕەهەندەکانیان بکرێت: لایەنی یەکەم بریتییە لەوەی لەناخی مرۆڤدا ڕوودەدات لە نواندنی هێماو واتاو دروستکردنی، لایەنی دووەمیش ئەوەی ڕوودەدات لە کاتی ئاڵوگۆڕکردنی ئەو واتاو هێمایانە لەگەڵ خەڵکی دیکەو پەیوەندیکردن لەگەڵیان، جا چ خودی بێت، یان کەسی، یاخود جەماوەری، کە کۆمەڵێک پرۆسەی جیاوازی تایبەت بە کۆدکردن (بە هێماکردن)و واتاو بیرکردنەوەو زانیاریو قایلکردن لەخۆ دەگرێت. کە بە واتای گۆڕانی ڕەفتاری دێت.

## ڕەگەزی پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن):

هەر پرۆسەیەکی پەیوەندیکردن (گەیاندن) پشت بە ژمارەیەک ڕەگەزی کارا لە ڕووداوەکانیدا دەبەستێتو ئاستی سەرکەوتنو هێنانەدی ئامانجەکانی مسۆگەر دەکات. ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن) بریتیە لە:

### ١. نێرەر sender:

سەرچاوەو پەیوەندیکاریشی پێدەوترێت، نێرەر ئەو کەسە، یان لایەنەیە پەیامێکی پڕ لە واتا ئامادەو بەرهەم دێنێتو بەجۆرەها شێوە بەهێما دەکرێتو لە ڕێگای یەکێک لە ئامرازەکانەوە ئاراستەی جەماوەری بە ئامانجکراو دەکرێت.

لە پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی جەماوەری – بۆ نموونە- نێرەر کۆمەڵێکی ڕێکخراوی تاکەکانن، کار دەکەن بۆ دانانی ئەو واتایانەی لەسەری کۆکن، لە پەیامێکداو کەسێک لەجیاتی کۆمەڵەکە هەڵدەستێ بە گواستنەوەی پەیامەکە بێژەرێک بۆ نموونە، دەکرێ خودی سەرچاوەی پەیامەکە نێرەر بێ، لەوانەیە خۆیشی نەبێو یەکێکی دیکە بێ.

پێویستە لە نێرەردا چەندان کارزانیو لێهاتوویی هەبێ، تا بتوانێت بیرۆکەی خۆی لەو هێمایانەدا دابڕێژێت کە لەگەڵ وەرگردا بگونجێتو ببێتە هۆی هێنانەدی ئامانجەکانی. (واتە وەرگر لێیان تێبگاتو پەرچەکردارێکی کارای بەرامبەر هەبێت، چونکە ئەگەر هاتو وەرگر لە پەیامی نێرەر تێنەگەیشت، ئەوکاتە ئەو پەیامە شکست دەخواتو ئامانجی نێرەر نایەتەدی- وەرگێڕ).

## ٢. پەیام massage:

ئەو ناوەڕۆکو بابەتەیە کە نێرەر دەیەوێ بیگوازێتەوەو بیگەیەنێتە وەرگر. پەیامیش لە کۆمەڵێک هێما پێکدێت کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەڵدەبژێردرێت، تا بتوانێت واتاکان بگوازێتەوە.
پەیامی گەیاندنیش لە چەند رەگەزێک پێکدێت کە بریتیین لە:
* هێماکان.
* ناوەڕۆک (واتاکان، بیروبۆچوونەکان، بەهاکان).
* چارەسەرکردن، یان شێوازی خستنەڕووو پێشکەشکردنی پەیامەکە.

## ٣. کەناڵ- ئامراز channel:

مەبەست لێی ئەو ئامرازی پەیوەندیکردنەیە کە لە ڕێگەیەوە پەیامەکە دەگوازرێتەوەو دەگاتە وەرگر. لەوانەیە لە پەیوەندیکردنی کەسی، یان کۆمەڵی، ئامرازەکە (گفتوگۆی زارەکی) ئامرازی پەیوەندیکردن بێت، کە پەیامەکە لە ڕێگای بیستنو بینینەوە وەردەگیرێت.
کەچی لە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی جەماوەری، ئامراز لە ئامێرو دەزگای تەکنەلۆژیای زۆر ئاڵۆز پێکدێت کە جێپەنجەی خۆی لەسەر سروشتی نامەکەو رادەی توانای گەیشتنی بەهەمان واتا کە نێرەر دەیەوێت، جێدەهێڵێت. رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنو کیتابو سینەما گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی جەماوەرین، ئەوەش بەهۆی بڵاوبوونەوەی فراوانو خێرای لەنێو جەماوەری وەرگردا. تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی هاوچەرخ بووە هۆی هاتنەکایەو دەرکەوتنی ئامرازی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی جەماوەریی نوێ، کە خەریکە شانبەشانی ئامرازە کۆنەکان جێگای خۆی دەکاتەوە، لەوانەش کۆمپیوتەرو تۆڕی ئینتەرنێت.

ناکرێ هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاو لە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی جەماوەری بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بێت، بەڵکو هەڵبژاردنی ئەو ئامرازە گونجاوە پابەندی ژمارەیەک هۆکارە گرنگترینیان:

* سروشتی ئەو بیرۆکەیەی دەخرێتە ڕوو.

* پێوەری رووماڵکردنی جوگرافیی ئامرازەکە.

* ژمارەی ئەو خوێنەرانە، یان گوێگران، یاخود بینەرانەی کە توانای وەرگرتنی پەیامەکەیان هەیە.

* تایبەتمەندییەکانی جەماوەری بە ئامانجکراو (نەریتەکانیان، چێژوەرگرتنیان، رۆشنبیرییان).

* تێچووی ئامادەکردنی پەیام، یان بابەتە راگەیاندنەکە.

* تایبەتمەندییە هونەرییەکانو بەرهەمهێنانەکانی ئامرازەکە.

* تێکڕای دووبارەکردنەوەی پەیام، یان بابەتە راگەیاندنەکەو تێکڕای بەردەوامێتی.

## ٤. **وەرگر** receiver:

ئامانجو مەبەستی پەیامە، وەرگر ئەو کەسەیە کە پەیامەکەی دەگاتێ، ئەویش کار بۆ کردنەوەی هێماکانو گۆڕینیان بۆ واتاگەلێک دەکات کە مەبەستی شیکردنەوەو تێگەیشتنی بێت. لە پەیوەندیکردنی کەسی، یان کۆمەڵی وەرگر کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراون لە کەسانێک کە راستەوخۆ پەیامەکە وەردەگرن، کەچی لە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی جەماوەری ئەوانەی پەیامەکە وەردەگرن ژمارەیان زۆرو تەمەنو رۆشنبیریو میزاجو ئامادەباشیو توانایان جیاوازە.

بۆیە گەیشتن بەو جەماوەرە زۆروزەبەندو جۆراوجۆرە پێویستیی بەبوونی کارامەییو لێهاتوویی تایبەتیی نێرەر هەیە، بەر لەوەی پەیامەکەی دابڕێژێ، – لە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی جەماوەریش- وەرگر پەیامەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیو دیاریکراو وەرناگرێتو

وەڵامیشیان ناداتەوە، بەڵکو ئەو هەڵیاندەبژێرێت، چونکە ئەو بە ئارەزووی خۆی گوێ لە ئامرازەکانی گەیاندن دەگرێت، یان دەیانخوێنێتەوە، یاخود دەیانبینێت. هەر بەو جۆرەش دەرک بە هەڵبژاردنی پەیامەکان دەکات، هەروەها ئەو زانیاریانەشی بیردێتەوە کە ئەو پەیامانە بەشێوەیەکی هەڵبژێردراوی پێشکەشی دەکەن‌و پاشان بەشێوەیەکی هەڵبژێردراویش وەڵامیان دەداتەوە.

## ٥. ژاوەژاو : (**التشويش**):

پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ە جۆراوجۆرەکان دووچاری کۆسپ‌و بەربەست دەبن، ئەمەش وا دەکات گەیشتنی پەیام بە وەرگر سنووردار بێت‌و بەو شێوەیە نەبێت کە نێرەر دەیەوێ‌و مەبەستێتی، ئەو کۆسپ‌و بەربەستانەش خۆیان لە ئامرازەکانی وژەوژە (تشويش) دەبیننەوە کە رێگری لە پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن) دەکەن.

دوو جۆر وژەوژ هەیە، یەکیان پەیوەستە بەو کەناڵە، یان ئامرازەی پەیامەکە دەگوازێتەوەو پێی دەوترێت (وژە وژی میکانیکی – التشويش الميكانيكي) کە لە کاتی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە بۆ گواستنەوەی پەیامەکە دێتە ئاراوە، لە رۆژنامەکاندا لەوانەیە ئەو وژەوژە لە ئەنجامی کەمی مەرەکەب‌و باش دەرنەچوون‌و دیارنەبوونی پیتەکان لەکاتی چاپکردن، یان زۆر بوونی مەرەکەب کە وا دەکات لەهەندێ لاپەڕەدا وشەکان بەجوانی دیار نەبن. لە رادیۆو تەلەفزیۆنیشدا لەوانەیە وژەوژەکە لە ئەنجامی تێکچڕژان‌و تێکەڵبوونی دەنگەکان بێنە ئاراوە کە وا دەکەن دەنگەکە روون نەبێت‌و ژاوەژاوێک دروست ببێت، هەروەها لەوانەیە لە ئەنجامی هەڵەی وێنەگرتن، یان کەموکووڕی لە پرۆسەی مۆنتاژکردندا، وا بکەن بابەتە تەلەفزیۆنییەکە روون نەبێت، یان کار بکاتە سەر ئاستی تێگەیشتنی وەرگر.

بەڵام جۆری دووەمی وژەوژ پەیوەستە بە واتای پەیامەوەو پێی دەوترێت (وژەوژی بەڵگەیی)، ئەمەش لە ئەنجامی نەتوانینی وەرگر لە شیکردنەوەیەکی دروستی پەیامەکە سەرهەڵدەدات، کە وا دەکات وەرگر بە هەڵە لێی تێبگات. گرنگترین ئەو بارانەی کە لەوانەیە وژەوژی بەڵگەیی تێدا روودەن:

* بەکارهێنانی هەندێ هێماو زاراوە کە وەرگر نەتوانێت بە ئاسانی لێیان تێبگات، یاخود بەهەڵە لێیان تێبگات.

* بابەتی پەیامەکە بیروبۆچوونی وای لەخۆ گرتبێت، لەسەرووی ئاستی تێگەیشتنی وەرگرەوە بێ.

* نا ڕوونی ئامانجی نێرەر بە شێوەیەکی تەواو.

* بوونی هەندێ هۆکار دەبێتە پچڕپچڕ کردنی سەرنجی وەرگرو وای لێدەکات لەکاتی وەرگرتنی پەیامەکەدا وریایی کەم بێتەوە، کە ئەویش کار دەکاتە سەر تێگەیشتنی پەیامەکە. زێدەڕۆیی لە ئارایشتکردنی بێژەرێک، یان ئێکسسوارێک کە بەکاری دەهێنێت، وا لە بینەر دەکات کە سەرنجەکانی پچڕپچڕ ببێت، کە ئەمەش کاریگەریی خەراپی لەسەر تێگەیشتنی پەیامەکە دەبێت!

## ٦. ڕەوش (**السياق** context):

مەبەست لێی ژینگە، یان ئەو بارودۆخەیە کە تیایاندا پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن) روو دەدات، زۆر جاریش وەڵامدانەوەکانمان بۆ کاریگەرییەک بەپێی ئەو هەڵوێستەی کە تێیداین، یان جیاوازی ئەو کەسانەی لەو هەڵوێستەدا بەشدارن جیاواز دەبێ. ژینگەی پەیوەندیکردن (گەیاندن)یش بریتییە لە کاتو شوێنو ئەوانەی بەشداری لە هەڵوێستی پەیوەندیکردن (گەیاندن)ەکە دەکەن. پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن) سەرکەوتووتر دەبێ، ئەگەر هاتو ئەو ڕەوشەی پرۆسەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، لەنێوان نێرەرو وەرگردا لایەنی هاوبەشیان زۆرتر بێت.

### ٧. کاریگەرێتی (التأثیر):

هەموو پرۆسەیەکی پەیوەندیکردن (گەیاندن) هەوڵی روودانی جۆرە کاریگەرێتییەک دەدات، بەڵام ئەستەمی دەرکەوتنی ئەم رەگەزە بەندە بە ئەستەمی پێوانەکردنی کاریگەرێتی لە پرۆسەکانی پەیوەندیکردن (گەیاندن)دا، بەشێوەیەکی وردو کارا. زۆر ئەستەمیشە وای بۆ بچین کە ئامرازە جیاوازەکانی راگەیاندن کاریگەرێتیی راستەوخۆو خێرایان لەسەر تاکێک (کەسێک) دەبێ، تەنها ئەگەر بێتو پەیامێک یان دوو پەیامی ئاراستە بکرێت، ئەوەش لەبەر ئەوەی (گەیاندن) هەرچەندە رۆڵو کاریگەرێتییەکەی زۆرترو گەورەتر بێت، ئەوا هەر بە یەکێک لەسەرچاوەکانی زانین دەمێنێتەوە!!.

### ٨. دەنگدانەوە (رجع الصدى feed back):

بریتییە لەو وەڵامدانەوەیەی کە وەرگر لە ئەنجامی وەرگرتنی پەیامێک دەیداتەوە. دەنگدانەوە پەرچە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ێکە دەربڕی ئاستی تێگەیشتنی وەرگرە لەو پەیامەی کە وەریگرتووە. هەروەها ئاستی سەرکەوتنی نێرەریشە لە هێنانەدی ئامانجەکانی.

لێرەوە بایەخی ئەم رەگەزە لە رەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن (گەیاندن) سەرچاوە دەگرێ، چونکە هۆکارێکی گرنگە بۆ گۆڕینەوەی واتاکان لەنێوان نێرەرو وەرگردا، لەبەرئەوەی لە میانی دەنگدانەوە (feed back)دا نێرەر دەتوانێ ئاستی سەرکەوتنی پەیامەکەی هەڵبسەنگێنێ، بەمەش دەتوانێ لە ئایندەدا ستراتیژییەتی پەیوەندیکردنی هەموار بکات، یان بیگۆڕێت.

لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی کەسی یان کۆمەڵی دەنگدانەوە دەمودەستو بە خێراییو روونو ئاشکرایی لە میانی باری کارلێکی بەردەوامی نێوان نێرەرو وەرگر دەردەکەوێت. کەچی لە پەیوەندیکردن (گەیاندن)ی

جەماوەریدا پەرچەکرداری جەماوەر – لەکاتی گەیشتنیدا – بە درەنگەوەو شلوخاوییەوە دەگات. هەروەها هەندێ جاریش زۆر روونو ئاشکرا نییە، بەجۆرێک کە هیچ زانیارییەک بە نێرەر ناگەیەنێت، تا لە رێگەیەوە هەوڵی هەموارکردنی پەیامەکەی بداتو جارێکیتر نەکەوێتە ئەو هەڵانەی کە تێیکەوتووە.

گەیاندنکاران (پەیوەندیکاران)ی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن پەنا دەبەنەبەر داهێنانی شێوازی جۆراوجۆر بۆ ناسینی پەرچەکرداری جەماوەر (وەرگر)، ئەوەش بە ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی لە رێگەی راپرسیو بارومەتری گوێگرتنو بینینەوە. هەروەها هەندێکی دیکەیان شێوازی دەنگدانەوەی پێشوەخت( التغذيه المتقدمه- front feed back) دەگرنەبەر، کە بریتییە لە خستنەڕووو پێشکەشکردنی کارەکانیان بۆ کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراوو هەڵبژێردراو (جەماوەر)و سەرنجدانو تێبینیکردنی پەرچەکردارەکانیان، بەرلەوەی کارەکانیان لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە پێشکەش بکەن.

## تایبەتمەندییەکانی کۆمۆنیکەیشن:.

### ١. کۆمۆنیکەیشن کارێکی ڕاستەوخۆیە:.

لەوکاتەوەی مرۆڤ دروست بووە لەسەر زەوی هەوڵی داوە بۆئەوەی پەیوەندی دروست بکاتو قسەی پێ بکات لەگەڵ کەسانی تردا لەبەرئەوە زمانو ئیشارەتو هەموو ڕەنگەکانی دۆزیەوە بۆ ئەوەی بتوانن تێبگەنو بیربکەنەوەو کۆمۆنیکەیشن بکات بۆ ئەوەی بتوانێت تەماشای بکەین ئەگەر ڕۆیشتین بۆ شوێنێکو ڕووداوێکی سەر سورهێنەرمان بینی بتوانین قسەی لەسەر بکەین لێرەوە دەتوانین بڵێین هەموو کەسێکی ئەم کۆمەڵگایە پێویستی بە کۆمۆنیکەیشن هەیە لەنێوان یەکرتیدا بەڕێگایەکی ڕاستەوخۆ تا بتوانن بەردەوام بن لەژیانی ڕۆژانەدا هەربۆیە دەتوانین بڵێین کۆمۆنیکەیشن دروستکراوی مرۆڤو کۆمەڵگایە واتە مرۆڤ و کۆمەڵگا کۆمۆنیکەیشن دروست دەکات، هەروەها هەر لەو ڕێگایەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئامانجەی کەکۆمەڵگا داوای دەکاتو دەیەوێت بگات پێی.

### ٢. کۆمۆنیکەیشن دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتیەو سیفەتی بڵاوکراوەی هەیە:.

کۆمۆنیکەیشن دەرکەوتەیەکی گشتییەوبڵاوکراوەیە کەلەسەر کەسەکانو گروپەکانو کۆمەڵگاکان هەروەها کاری پێدەکرێت لەهەموو کۆمپانیایەکی ناوخۆییو هەرێمیو دەرەوەی وڵاتدا، ناتوانرێت بڕوا بکرێت کە مرۆڤ بەتەنیایی بژیت یان دوور بێت لەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوودەدات لەکۆمەڵگاکەیداو، هەروەها هیچ تاکە کەسێک ناتوانێت پێویستییەکانی تێر ببێت بێجگە لەو ڕێگایەی کە کۆمۆنیکەیشن دەکات بە کەسانی ترەوە لەگەڵ کۆمەڵو کۆمەڵگاو، (جریک) پێوایە کۆمۆنیکەیشن ئامانجی باسکردن یان پێشبینی کردنە لەو دەرکەوتانە

تویژەرەکانی ڕاگەیاندن کۆکن لەســــەر گەیشـــتن بەئامانجەکانو دەستکەوتە زانستییەکان.

**٣. کۆمۆنیکەیشن کارێکی بابەتیو واقعیە:.**

کۆمۆنیکەیشـــن ڕووداوێکی ڕاســـتە ڕوودەدات لەنێوان پســـپۆڕی کۆمەڵایەتیو تاکەکەســـەکاندا یان کۆمەڵەکانو کۆمەڵگاکانو، هەر لەو ڕێگەیەوە دەگەینە ئەو ئامانجە واقعیەی بەرامبەر کێشـــەکانو پێویســـتیەکان یان دانانی بەرنامەو ڕێگەیان پڕکردنەوەی کاتەکان بەباشـــی، کۆمۆنیکەیشـــن کار ناکات بۆ تاکەکەســـەکان بەڵکو باس لەبابەتە جۆراو جۆرەکان دەکاتو مرۆڤ ناتوانێت هەســـتو نەســـتە خراپەکانی خۆی هەرچەندە ڕۆژگاریش بڕوات هەر دەبێت لە کۆمۆنیکەیشنەکەدا باس لەخودی خۆی بکات لەڕێگەی هەستو نەستە ڕاســـتییەکانیەوە کە واقعیەو ڕوودەدەن ڕووداوەکان دەبەســـتێتەوە بەیەکەوە لەوشـــوێنو کاتێکی دیاریکراودا، ولیامز(Williams) دەڵێت کە ئامرازەکانی هەریەکە لەڕاگەیاندنو کۆمۆنیکەیشـــن دەبێتە هۆی لێکۆڵینەوەو کۆمێنت لەســـەر ئەو دەنگوباســـانەی کەباس دەکرێت بۆ ئەوەی وای لێبکات خەڵک باشـتر تێبگاتو وەری بگرێت بەشـێوەیەکی واقعیی لەنێوان تاکەکەسەکانی کۆمەڵگادا.

**٤. کۆمۆنیکەیشن کار دەکات بۆ پێکەوە بەستنی کۆمەڵ:.**

کۆمۆنیکەیشـــن ئامرازێکە بۆ دەســـتەبەر کردنو بەهێز کردنو بەیەکەوە بەســـتنی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگاو دەزگاکاندا لەڕێگای بەرەنگار بوونەوەی ئەو بڵاوبوونەوە خراپانەی کە زیان بەخشـــە وەرگرو کۆمەڵگا، کۆمۆنیکەیشـــن لەبەرئەوەی هەڵدەســـتێت بەبڵاوبوونەوەو گواســـتنەوەی دابو نەریتە باشـــەکان لەپێش کەوتنو ڕۆشـــنبیریو کەلتوری وڵاتەکەداو کاردەکات بۆ پارێزگاریکردنی

هەڵســـوکەوتی باش‌و ئاگاداربوون لێی‌و کۆمەڵگە بانگ دەکات بۆ ڕاگرتنی ئەو ڕەفتارە باشـەی پێناسـەی کۆمەڵگا بپارێزن‌و دەستەبەری پێکەوە بەستن لەنێوان تاکەکان دەکات‌و لابردنی ئەو ڕەفتارە خراپانەی کە زیانی هەیە بۆ کۆمەڵگاو، پێوستە چەند ڕاستیەک بزانین کەهەستی پێناکەین لەکاتی کۆمۆنیکەیشـــنەکەدا لەوانە ئێمە تەنها زانیاری ناگوازینەوە، بەڵکو چەند پەیامێکی تریش دەگوازینەوە.

دوو جۆر پەیامی نێردراو هەیە:.
أ.لەسەر ئاستی کۆمەڵ:.
(ڕووداوەکان، پسپۆڕەکان، بیرو بۆچوونەکان، داواکارییەکان) ئەمانە هەوویان باسی چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکان دەکەن.
ب.لەسەر ئاستی پەیوەندیەکان:.
حاڵەتی ویژدانی‌و ڕێگای هەڵسەنگاندنی کەسەکان، چۆنیەتی هەڵس‌و کەوتکردن لەگەڵیانداو ئەمجۆر پەیامە دەتوانین تێبگەین لێی جگە لە کۆمۆنیکەیشنی زمان وەک نووسین ئیشارەت یان ئەوەی دەردەکەوێت لەنێوان دێرەکاندا.

**٥. کۆمۆنیکەیشن کار لەسەر وروژاندنی وەرگر دەکات:.**

کۆمۆنیکەیشـــن هەموو ڕێگە جیاوازەکان دەگرێتەوە کە ڕەمزەکان‌و بیرو بۆچوونەکان دەگوازێتەوە لەنێوان کەســـەکاندا ئەو ڕێگایانەش لەچەند ئیشـــارەتێک دیاری کراوەو هەموو ئەو ڕێگایانە کاریگەریان هەیە لەســـەر تاکەکانی کۆمەڵگەو ئەو کاریگەریانەش لەوانەیە یەک لەم دوو شێوازەی خوارەوە بێت:.
أ.وروژاندن‌و هەستی هەڵچوونەکان:.
لەم کاتەدا ئاوێتە دەبێت لەگەڵ پێشـــکەوتنی ئەو زانیاریانە لەوانەیە دڵ خۆشـــکەر بێت وەکو ســـەرکەوتنی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ لەکاتێکدا

عەرەبەکان بەسەر ئیسرائیل دا سەرکەوتن، یان سەرکەوتنی میسر لەقارەی ئەفریقادا لەیاری تۆپی پێدا هەموو ئەمانە پێیان دەوترێت زانیاری دڵخۆشکەر، بەڵام هەندێک جار لەوانەیە ئەو زانیاریانە دڵتەنگی بێت وەکو دۆڕاندن لەکاسی جیهانیدا یان نەکسەی ٦یۆنیۆ ١٩٦٧ لەمەدا ئیسرائیل سەرکەوت بەسەر عەرەبداو زەویەکی زۆری داگیر کرد.

ب.وروژاندنو هەستکردن بۆ هێورکردنەوە:.

ئەمەش کاردەکات بەعەقڵو خۆڕاگرتنی بیرو باوەڕو بەڕێگەکانی پەیوەندی کاردەکان لەڕێگای بڵاو کردنەوە لەکاتێکی خۆشیو باوەڕپێکراودا لەنێوان سەرکردە سیاسیەکانی کۆمەڵگاو تاکەکانی کۆمەڵگا لەڕێگەی پەیوەندیکردن لەسەر تێکەڵاوبوونی لەگەڵ کۆمەڵگادا لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت وروژاندن هەستکردن بۆ هێور کردنەوە مرۆڤ وا لێدەکات مرۆڤ نەوەستێتو یارمەتی ئەو تۆڕە پەیوەندیکردنە بدات کە کەسو ناسیاوی خۆی تێدایە بەڵکو هەمیشە دەیەوێت یارمەتی هەموو کەسو لایەنێک بدات لە کۆمەڵگادا.

**٦. کۆمۆنیکەیشن سروشتێکی مێژووییە:.**

کۆمۆنیکەیشن لەسەرەتادا بەشێوەیەکی ڕووبەڕوو دروست بووە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتیو دروست بوونی لەبەر ئەوە وای لێهات نامە دەگوازرایەوە لەڕێگەی کەسێکی ترەوە دەگوازرایەوە بۆ کەسێکی تر دواتر نووسین دۆزرایەوەو بووە هۆی گەڕانەوەی پەیوەندیەکان لەنێوان کەسو کۆمەڵگاکاندا، هەروەها دواتر دەرکەوت کۆمۆنیکەیشنی گوێگرتنو بەچاو بینینو پەیوەندیەکان ئاسانتر بوو لەزانستدا کەوای لێهاتووە لەئێستادا کاتێکی زۆری ناوێت، بەڵکو دەتوانین کاری پێبکەین لەچەند سانیەیەکدا کەپێشتر ماوەی چەند مانگێکی دەخایاند، لەوانەیە کۆمۆنیکەیشن بەقسەکردن بێت یان لەڕێگای هەستو نەستەوە بێت، بەڵام هەموویان دەیانەوێت بگەنە

دەستەبەرکردنی ئامانج لەهەستان لەدروست بوونی کۆمۆنیکەیشنی کۆمەڵایەتی هاوبەش لەنێوان ئەوانەی بەشداری تێدا دەکان لەو پەیوەندیەدا شارلز کولی دڵنیامان دەکات کە ڕاگەیاندن دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتیەو ئەو میکانیزمەی کە دەتوانین لەڕێگایەوە پەیوەندیەکی کەسی گەشە بکاتو پێشکەوتن لەڕووی نیشانەکانی عەقڵییەوە کەئەمەش کارێکە بۆ پێشخستنی کۆمەڵایەتی.

## كۆمۆنیكەیشنی سیاسی

كۆمۆنیكەیشـــنی ســـیاســـی گۆڕانكاری بەســـەردا هاتووە لەگەڵ گۆڕانكاریو پێشـــكەوتنی هۆكارە جیا جیاكانی ڕاگەیاندندا، چونكە كەوتە گرنگی دان بە چۆنیەتی بەكارخســـتنو ســـوود وەرگرتن لەو هۆكارانە لەپڕۆســـەی ســـیاســـیدا لەبەرئەوەی كەهەڵدەســـتێت بەگواستنەوەو شیكا كردتی چالاكی سیاسیو كردنەوەی دەرفەتیش لەبەردەم ســـیاســـەتمەدارو ســـەركردە خاوەن ڕاو بۆچوونەكاندا بۆ دەســـتكەوتنی زانیاریو ڕوونكردنەوەكانو، ئاگاداربوون لەپەرچە كرداری جەماوەری لەبەرامبەر ســـیاســـەتو بڕیارو هەڵوێســـتەكانیدا كەیارمەتی هەموو پرۆســـەو هەنگاوێك دەدات كەلەگەڵ دروســـتكردنی بڕیاری سیاسیدا هاوئاهەنگ بێت، سەرباری ئەوەی كەجەماوەر پشتی پێدەبەســـتێت لەدروســـت كردنی بیروباوەرو ئاقارو هەڵوێســـتە جیاجیاكانیدا لەبەرانبەر ئەو ڕووداوو سیاسەتانەدا كەدەكەونە ناو ئەو واقیعە كەدەوری لێداون.

دەوڵەتانیشی بەجیاوازی سیستەمە سیاسیەكانیانەوە هەوڵدەدەن بۆ بەكارهێنانی هۆكارەكانی ڕاگەیاندنو پەیوەندیكردن لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژیەكانیاندا لەهەردوو باری ئاشتیو جەنگداو لەپێش ئەو هەموو ئامانجەشـــەوە ئامانجە ســـیاســـیەكانیان چ لەســـەر ئاســـتی ناوخۆیی یان لەســـەر ئاســـتی نێودەوڵەتیدا بێت، ئەوەیە كۆمۆنیكەیشـــنی ســـیاســـی بووە بەتوخمێك لەتوخمە گرنگەكان لە نرخاندنی(ئەدا)ی دەســـەڵاتو ئەوانەش كە لەدەســـەڵاتدان، چونكە كۆمۆنیكەیشـنی سیاسـی ئەركێكی سیاسـی گرنگ بەجێ دەهێنێتو كاریش دەكات بۆ دروســـتكردنی كارێكی واقعیو ئەگەری ئەو كاریگەرییە لەسەر كردەو ڕەفتاری خەڵكی دیكەداو، لەم لێكۆڵینەوەیەدا هەوڵی ڕوونكردنەوەی چەمكی كۆمۆنیكەیشنی سیاسیو بایەخەكانیو

ڕۆڵیشــی دەدەین لەهۆشــیارکردنەوەی ســیاســیداو گرنگترینی ئەو کێشــانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوەو هەروەها هەوڵی بەکار خســتنی پۆزەتیڤانەی ڕۆڵی ڕاگەیاندنیش لەگەشــە کردنی هۆشــیاریی ســیاســیدا لەهەرێمی کوردســتان، کۆمۆنیکەیشــنی ســیاســی کارێکی بەردەوامەو، دەشگۆڕێت بەتێپەڕبوونی کات.

## مێژووی دروست بوونی کۆمۆنیکەیشنی سیاسی:.

لەڕاســتیدا مێژووی بەســتنەوەی کۆمۆنیکەیشــن بەســیاســەتەوەو ڕۆڵیشــی لەبواری ســیاســیدا وەنەبێت زادەی ئەم ســەردەمە بێ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ســەردەمی ســۆفســەتاییەکان، کەهۆکارە تایبەتیەکانی ڕاگەیاندنو پەیوەندیکردنیان لەو ســــەردەمەدا بەکاردەهێنا بۆ کار تێکردنە ســەر ڕای گشــتیو بڵاوبوونەوەی لەڕووناکبیری ســیاســیی بەنیازی بەشــداریکردنی لەڕوودانی ئەو گۆڕانکاریانەدا کەخۆیان مەبەســتیان بوو، ئەوەبوو ئەو کاتەو ئێســتاش ســیاســەتمەدارو پێشــەواکان پشــتگیری هەموو داهێنانێک دەکەن کەیارمەتیان بدات بۆ کۆمۆنیکەیشنی ڕاستەوخۆ بەجەماوەرەوەو یارمەتیشیان بدات لەسەر کارتێکردنیان، بەڵام بەشــێوەیەکی گشــتی دەتوانین کۆمۆنیکەیشــنی ســیاســی وەک شــوێنکار(کێڵگە- پێگە)یەکی ئەکادیمی بەدیاردەیەکی نوێچەشــن دەژمێردرێت لەزانســتەکانی ڕاگەیاندندا، هەر لەکۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە پلە بەپلە دەســتی کردووە بەپێشــکەوتن لەخودی چەمکەکەداو، لەوێوە ئارەزووی دروســتکردنی زانســتی ڕاگەیاندن یان کۆمۆنیکەیشــنی بەشــێوەیەکی ســەربەخۆ گەڵاڵە بوو، لەوێشــەوە پتەوتر کرا بەئاراســتەی زانســتی کە لەئامێزی دوو خوێندنگەدا تەوەری گرتو چارەســەری بابەتی پەیوەندیکردنیان کردبوو.

ئـەوانیش خوێنـدنگـەی ئیمپیرکی(Empirical) بوو لـەژێر سـەرپەرشـتیکردنی(لازار سـفێلد) کەبەباڵادەسـتی ڕێبازی چەندایەتی (Quantity Method) جیادەکرێتەوەو دەیشـکێنێتەوە بەلای دیاردەی پەیوەندیکاریدا لەناو چەند پێدراوێکی ڕەنووسـی ئاماریدا، بەڵام ئاقاری دووەم(خوێندنگەی ڕەخنەیی)یە کەئەویش بەرهـەمی ڕەنجی کۆمـەڵی فرانکفۆرت بوو کەبریتی بوون لە(هۆرکایمە، ئەدورنۆ، ئێریک فرۆم) توێژینەوەیەکیان چڕکردبۆوە لەسـەر ڕۆڵی یەکەمینی ئەو دەوروبەرە کۆمـەڵایـەتیـەی کـەپرۆسـەی ڕاگـەیـاندنی تێدا بـەرپا دەکرێتو کۆمۆنیکەیشـنیش نمایشـی جیاوازیی ڕێڕەوی زانسـتیانەی هەردوو خوێندنگەکەیە، ئەویش لەو سـۆنگەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ باڵادەسـتی وێنا فیکرییەکان- نەک شـتێکی دیکە- بەسـەر بیر کردنەوەی ئەو زانایەنەدا کەڕاوبۆچوونی یەکێک لەدوو ئاقارەکەدا دەچەسـپێن واتە (ئیمپێریکیو دەوروبەری کۆمەڵایەتی).

دان ئەنیمۆنو سـاندەرز(Dan Nimmon and k.v fanders) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەیەکەمین ناوهێنانی کۆمۆنیکەیشـنی سـیاسـی وەک بوارێکی سـەربەخۆ لەسـاڵی ١٩٥٦ دابوو، کتێبێک دەرچوو بەناونیشـانی ڕەفتاری سـیاسـی(Political Behaviar) کەگفتو گۆدەکات لەبارەی ئاڵوگۆڕی کاریگەری سیاسیەوە لەنێوان حکومەتو هاوڵاتیانداو، گۆڕانو پێشـکەوتنی گرنگیش ڕووی داوە لەدوای ئەم هـاوکێشـەیـەوەو بواری پراکتیزی توێژینکـاری گرتۆتـەوە وەک شوێنەواری هۆکاری ڕاگەیاندن لەهەڵبژاردنە سیاسیەکانو شوێنەواری پڕوپاگەندەو شـیکاری زمانی سـیاسـیو لەنێوان بوارەکانی ئێسـتای توێژینەوەشـدا وەک وتاربێژی سـیاسـی، ڕوو بەڕوو بوونەوەی سـیاسـیو، بنیاتنانی سیاسـی، هەڵمەتی هەڵبژاردن، بزاوتی سـیاسـی، پەیوەندی نێوان حکومەتو هۆکاری ڕاگەیاندن.

دوای ئەوەی لەزانکۆی میتشغان لێکۆڵینەوە لەتوانای سیاسی سەری هەڵدا لەســەر دەســتی(کامبل)و هاوڕێکانی، کامبل دادەنرێت بەیەکەمین کەس کەچەمکی توانای سیاسی ناساندووە کە (بریتیە لەهەست کردن بەکارێکی ســیاســی کەدەشــێت کاریگەری هەبێت لەســەر پرۆســە ســیاســیەکانو، ناســاندنەکە توانای ڕوودانی گۆڕانکاری کاریگەری کۆمەڵایەتیو ســیاســیش هەڵدەگرێت، کەپێی وایە هاوڵاتی تاکیش دەشێت بەشداری بکات لەم گۆڕانکارییەدا) ئەمەش کە گریمانەی عەقڵی نەتەوە دەکات لە ڕووناکبیرانداو، هەرلەوەشــەوە بوو کەلێکۆڵینەوەکان لەلایەن ئیفناعیەکانەوە وەرگەڕان بۆ لایەنە زانینەکان(معرفە)، لەڕاستیدا شــێوازی ڕاگەیاندن بەدەر لە کاریگەرییە ڕووناکبیریەکانی دیکە کەشــوێنەواری گەورەیان هەیە لەگەڵاڵەکردنی دیاردەی ڕاگەیاندندا ڕوونادات.. ئەمەش لەو ڕووە وە کەنیشــانە(مدلول)ی ڕاگەیاندن بەو ســیفەتەی پرۆســەیەکی ســایکۆلۆجیە کەدوولایەن کارلێکی تیادا دەکەن(پەیامنێرو وەرگر)بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەکی زانینی گرنگ، ئەوەبوو لەدەســتپێکدا ســنوور بۆ ڕاگەیاندن دانرابوو لەڕاگەیاندنو کۆمۆنیکەیشکردنی حکومەتەکاندا لەگەڵ دەستەو ناوچە(ناحیە)دا دوای ئەوە سنوور دیاریکرا لەئاڵوگۆڕی گفتوگۆی سیاسیدا لەنێوان زۆرینەی دەســەڵات بەدەســتو ئۆپۆزســیۆندا، ئینجا بوارەکە فراوانکرا بۆ لێکۆڵینەوە لەڕۆڵی هۆکانی ڕاگەیاندن لە دروســتکردنی ڕای گشــتی دا، دواتر بایەخدان بەئاگادار بوون لەڕاکان لەبارەی ژیانی سیاسیەوە.

لەســەردەمی ئێســتادا کۆمۆنیکەیشــنی ســیاســی لێکۆڵینەوەی ڕاگەیاندنو کۆمۆنیکەیشــنیش دەگرێتەوە لەژیانی ســیاســیدا بەمانا گشتیەکەی کەهۆکارەکانی ڕاگەیاندن، ئاگادار بوون لەڕاو بۆچوونەکان، خســتە بازاڕی ســیاســی(ســتراتیژ)، پڕوپاگەندە، لەگەڵ بایەخدان بەکاتەکانی هەڵبژاردن بەشێوەی تایبەتی لەئامێز دەگرێت.

**ناساندنی کۆمۆنیکەیشنی سیاسی**(Political Communication):.

زاراوەی کۆمۆنیکەیشنی سیاسی بەشێوازێکی نوێچەشن دادەنرێت لەشێوازەکانی ڕاگەیاندن کەدەخوازێت ڕاو بۆچوونی زۆری لەسەر بدرێت، لەبەر ئەوەیە کە ڕاوو بۆچوونی پسپۆڕانو توێژەران لەبواری کۆمۆنیکەیشنی سیاسیدا جیاوازیان هەیە.

لەبارەی دۆزینەوەی ناساندنێکی دیارو سنوور دارەوە بۆ ئەو چەمکەو پێمان باشە هێندێک لەو ناساندنانە باس بکەین کە گرنگترینیان:.

١.ناساندنەکەی سکد سون: (Schudson) کەدەڵێت:" کۆمۆنیکەیشنی سیاسی بریتیە لەپرۆسەی گواستنەوەی پەیامێک بەنیازی کارکردنە سەربەکارهێنانی دەسەڵات یان برەو پێدانی لەکۆمەڵگەدا".

٢. کۆمۆنیکەیشنی سیاسی بریتیە لەو گفتوگۆ گشتیانەی لەبارەی دەسەڵاتو سەرچاوەکانی داهاتی گشتیەوەن لەکۆمەڵگەدا.

٣.ناساندنی دێنتۆنو وود واد: (Denton and Wood Ward) سەبارەت بە کۆمۆنیکە یشنی سیاسی بریتیە لە(دیالۆگی گشتی لەبارەی دەسەڵاتو سەرچاوەکانی داهاتی گشتی لە کۆمەڵگەدا).

٤.ناساندنەکەی میدو( Meadow): کۆمۆنیکەیشنی سیاسی( ئەو هێماو پەیامە ئاڵوگۆڕانەیە کەسیستەمی سیاسی کاریگەری تێدەکات یان کاردەکاتە سیستەمی سیاسی) .

٥.ناساندنی فلیپ داڤیسۆن( Philip davison): کۆمۆنیکەیشنی سیاسی(ئەو شێوەیەیە کە بارودۆخی سیاسی بەرپای دەکات بەدروستکردنی شێوازی پەیوەندیکردنو چەندایەتیەکەی لەلایەکو لەلایەکی تریشەوە بریتیە لەو ڕێو شوێنەی کە دەشێت بارودۆخی ڕاگەیاندن سیاسەت دروست بکات).

٦.نـاســـــانـدنی دۆمـینـیـک والّتۆن (Dominique Welton): کۆمۆنیکەیشـنی سـیاسـی( ئەو فەوزا بەرفراوانەیە کە ئاڵوگۆڕی خیتابی بەرەنگاریەکی تیادا ئەنجام دەدرێت لەلایەن سـێ کارەوە کەخاوەنی پارچەیەک ڕەاویی سـیاسـیو دیموکراسـین کەئەوانیش سیاسیەکانو ڕۆژنامەکارانو ڕای گشتیش لەڕێی چوونە خوارەوە بەڕاو بۆ چوونەکانیاندا.

٧.ناســـاندنی ماکنێر برایەن (Mcnair brain) : کۆمۆنیکەیشـــنی سیاسی( ڕاگەیاندنێکی ئامانجدارە پەیوەندی هەیە بەسیاسەتەوە).

٨.ناساندنی کار دویتش: کۆمۆنیکەیشنی سیاسی( دەماری پڕۆسەی ســـیاســـییە، ئینجا ئەگەر ڕاگەیاندن بەکار بوو ئەوا ئەگەری هەڵەکردن کەمدەکاتەوە لەبڕیارداندا کەلوتکەو دوا ئامانجی کاری سیاسیە).

٩.پێناســەیەکی هەڵبژێردراو: کۆمۆنیکەیشـنی سـیاسـی (بریتیە لەو چالاکییە سیاسیە ئاڕاستەکراوەی کەکەسانی سیاسی، یان ڕۆژنامە نووســـان، یاخود ســـەرجەمی تاکەکانی گەل پێی هەڵدەســـتن، کەڕەنگدانەوەی ئامانجی ســـیاســـی دیاریکراوی پەیوەندیدار بەمەسەلەکانی ژینگەی سیاسیەوکاریگەری بەسەر حکومەتوڕای گشتی، یاخود ژیانی تایبەتی تاکەکەسو میللەتانەوە دەبێ، ئەمەش لەڕێی ناوەندە هەمە جۆرەکانی پەیوەندیکردنەوە .

لەڕێی ئەمانەی پێشـەوە دەتوانین کۆمۆنیکەیشـنی سـیاسـی بناسـێنین کەیەکێکە لەلقەکانی ڕاگەیاندن کەتوانای جیاوازی هەیە لەکاریگەریو گۆڕینو قـەنـاعـەت پێکردنـداو بـایـەخیش دەدات بـەڕوومـاڵکردنی بابەتەسیاسیەکانو هەوڵیش دەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانو لەئامڕازە بەکارو سەرەکیەکان دادەنرێت کەهەر سیستەمێکی سیاسی پشـتی پێ دەبەسـتێتو بەکاریشـی دەهێنێت لەبەدیهێنانی سـتراتیژییە جیاجیاکاندا.

# کۆمۆنیکەیشنو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

باشترە هەر لەسەرەتاوە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم دوو وشەیە زۆر جار یەکتر بڕن، تائەو ڕادەیەی هێندێک کەس یەکێکیان لەبری ئەوی دیکە بەکاردەهێنێن، بەڵام بەگشـــتی دەتوانین بڵێین ئەگەر لەبنەڕەتدا مەبەسـت لەڕاگەیاندن هەواڵو زانیاری(معرفە)بێت، ئەوا کۆمۆنیکەیشـن پێویستی بەدیالۆگو بوونی پەیوەندی هەیە.

ئەگەر چەمکی ڕاگەیاندن(میدیا)بەشـێوەی ئاسـایی گوزارشـت بێت لەشـــتێکی جێگیر (ناوەڕۆک، بار، دۆخ) ئەوا پەیوەندیکردنیش لەزۆر باردا بریتی دەبێت لەپڕۆســـەی(پەیوەندی)، چونکە کۆمۆنیکەیشـــن بەجۆرێک ڕاگەیاندن دەخاتە کار کەببێت بەشـــتێکی کردەوە (عملی)، بگرە هەندێ جار ڕاگەیاندن وا وەســـف دەکرێت کەپێکهێنەری یەکێکە لەســـێ ئەرکە بنەڕەتیەکەی کۆمۆنیکەیشـــن کەئەوانیش بریتیتن لە(ڕاگەیاندن، فێر کردن، دڵخۆشـــکردنو کات بەســـەر بردن) ئیدی لەوێوە دەشێت ڕاگەیاندن ئەنجام بدرێت بەبێ پەیوەندی کردن... بەڵام ناشێت کۆمۆنیکەیشن هەبێت بەبێ ڕاگەیاندن.

لـەگـەڵ ئـەوەشـــدا زاراوەی ڕاگـەیـانـدن(میـدیـا)پڕاکتیزەکردنی بەرفراوانیشـــی هەیە، چونکە یەکێک لەمان بڵاوەکانی ئەوەیە کەئاماژە بۆ زانراوێک دەکات هـەواڵ یان ئەو پەیامـەی کەنێرەر دەیخاتـە بەر دەست وەرگرەکانەوە، چەمکێکی دیکەش هەیە زیاتر بزێویی ڕاگەیاندن دەردەخات ئەویش ئەوەیە: کەئەوەندەی ئاماژە بۆ خودی "پڕۆســـە" کە دەکات ئەوەندە ئاماژە بۆ "ماددەکە" یان بۆ"زانراوەکە" ناکات کەنێوانی نێرەرو وەرگر دەبەســـتێت بەیەکەوە، کەناوەڕکێکی خاوەن دەلالەتی تێدایە ئەویش بەنیازی کارتێکردن.

دیاره کۆمەڵێک کێشــەش هەیە کەگرێدراون بەچەمکی ڕاگەیاندنەوەو پێویستیان بەڕوونکردنەوەیەو لەوانەش ڕاگەیاندنی ڕاستەقینە گریمانو چاوەڕوانیو جدییەتو تۆکمەییو دەکرێت لەپەیامەکەدا، (Pertinec) ئەوەش بەو مانایەیە کەئەگەر خۆمان ئاگاداری ئەو دەنگو باســە ببین کەهەرکەس پێشــکەشــی ئێمەی دەکات، یان خۆیان لەچاوەڕوانی ڕوودانیدا ئەو هەواڵە دەبینن یان هەواڵەکەمان لەکاتێکی نەگونجاودا بداتێ، ئەوا شــتێکمان بۆ دووبارە دەکاتەوە کەپێشــتر زانراوە یان هەر لــەهیچ شـــتێکی گونونجـاو ئـاگـاداری نـەکردووین، بـەڵام لـەئـەرکی ڕاگەیاندندا گریمانەی پێشکەشکردنی شتی نوێ دەکرێت، واتە لابردنی تەمومژو زیادە ڕەوی زانیاری دەمرێنێت، ئەمەش تاڕادەیەک ئاماژەیە بۆ ڕەهەندی یەک ئاڕاستەیی ڕاگەیاندن.

لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە ســەرەتای ڕەســمیکردنی بیانی بۆ وشــەی ڕاگەیاندن بە "Information" "in" ســروشـــتی ئەوە بێتو، هەروەها بوونی کردارەکـەشـــی کـەکردارێکی تێپـەڕە(Transitif) لـەزۆربـەی زمانەکانداو ئەویش پێچەوانەی ســـەرەتای ڕەســـمی بیانی وشـــەی کۆمۆنیکەیشـــن بە "co" (شـــتی هاوبەش) وەک ســـەرەتای وشـــەی (Communication)، هەروەها کەکردارەکەی تێنەپەڕە(لازم) یان زۆر جار ڕەنگدانەوەیە(in Transitif Reflexif) لەگەڵ ئەوەشــدا دەشــێت بگوترێت یەک ئاڕاستەییو تێپەڕین زۆر جار هەر ئاماژەیە بۆ نەبوونی مەرجی ڕەتدانەوە یان وەڵام دانەوە، واتە پرۆسەی ڕاگەیاندن پێویستی بەدوو ئاڕاســـتەییوئاڵوگۆڕی زانیاری نییە، چونکە(ڕاگەیاندن) کارێکی مومکینـە، بـەڵام پێویســـتی نییەولێرەدا دەتوانرێت جیاوازی بنـەڕەتی بکرێت لەنێوان ڕاگەیاندنو کۆمۆنیکەیشندا.

پرۆســەی ڕاگەیاندن دوو توخمی بنەڕەتی لەخۆ دەگرێت: پەیامنێرو، پەیام، لەکاتێکدا کەڕۆڵی وەرگری پەیام نێگەتیڤ دەبێت " پەیوەندی بەهێزی نێوان کەسەکانو ڕووداوەکان" ئەوەش بەپێچەوانەی پرۆسەی

کۆمۆنیکەیشنەوە کەگێڕانی ڕۆڵی پۆزەتیڤ لەلایەن وەرگری پەیامەکەوە بەکارلێک لەگەڵ پەیامنێردا بەمەرج دا دەنێت " کۆمۆنیکەیشنی بەهێزی نێوان تاکەکانو" لەدواجاریشدا ماوەتەوە ئاماژەبکەین بۆئەوەی کەزانراوە مادە یان هەواڵی سەرەتا بێلایەن نیە، بەڵکو هەواڵێکی خودی یان وەرگێڕدراوە بۆ زمانێکی دیکە، چونکە بەئاسایی ئەو بارە چارەسەر دەخوازێو بەم مانایەش ڕاگەیاندکار هەر خۆیەتی کەهەواڵ پێک دەهێنێتو بەمۆری تایبەتی خۆی مۆری دەکات پێش ئەوەی کەبەمۆری داهاتووش مۆر بکرێت، کەواتە ڕاگەیاندن بەبەرهەمێکی خۆیی (زاتی) دادەنرێت بۆ یەکتر بڕینی دوو ڕو ڕاوبۆچوونو بەلای کەمەوە وەرگێڕانیش یان لەکاتی ناردنی پەیامو لەکاتی وەر گرتنیشداو، لەبەرئەوەیەکە "فۆستەر" (H.r.forester) بە(قوڕی) وەسفی دەکاتو(فولتنیش) وادەیناسێنێت کە " گێڕانەوەیەکی کاتیو خودیی چیرۆکێکە چەند کەسێک دەیگێڕنەوە کە هیچ کەسێک ناتوانێت بارمتەی بابەتی بوونیان بکاتو بنێردرێت بۆ جەماوەرو، نازانین چۆن ئاوێتەی دەکات لەئامێزی هەڵبژاردنە سیاسیو ئایدۆلۆجیەکانیدا"

بەو پێودانگەش. ڕاگەیاندن چارە دەکرێ، بگرە دەفرۆشرێودەشکڕێو هەندێک جاریش دادەماڵرێو لەبەرئەوە ئەوکارە- ڕاگەیاندن-بەماندووکردن وەسف دەکرێتو پیشەکەشی بەپیشەی ماندوویتیو سەرئێشە دەناسرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەڵەیە کەدوو چەمکی ڕاگەیاندو کۆمۆنیکەیشن بەیەکسانی دابنرێت، چونکە کۆمۆنیکەیشن وەک پێشتر وتمان بەیەکگەیشتنێکی کارلێککردنی پێویستیە، بەڵام –ڕاگەیاندن- بەمانا بەر بڵاوەکەی کەڕەنگە کاردانەوەی پەیام وەر گریشی لێدەکەوێتەوە ئەوە بە مەرج دانا نێتو.. ئەم تێکەڵیەش لەوەوە هاتووە کەجاروبار هەندێ کەس بەراوردکاری دەکات لە نێوان مانای بەربڵاوی ڕاگەیاندنودوو

ئاڕاســــتەی کۆمۆنیکەیشــــندا وەک کردارێکی کۆمۆنیکەیشــــنی تێنەپەڕ (کۆمۆنیکەیشــــن بەیەک ئاڕاســــتەدا)و وەک کردارێکی پەیوەندیکردنی تێپەڕ(بەدوو ئاڕاستەدا).

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەش دەڵێین: ڕاگەیاندن بەمانا بەر بڵاوەکەی هەندێک هاوشــــانی هەیە لەگەڵ کۆمۆنیکەیشــــندا بەمانا تەنگو تروسکەکەی، ئەوەی ئەم هاوشانیە بەهێز دەکات لەڕووی هاوبەشیەوە ئەوەیە یەکێک لەچەشــــنەکانی کۆمۆنیکەیشــــن کارلێکی لاوازی هەیە(کۆمۆنیکەیشنی جەماوەری یە)کە بەڕاگەیاندن دادەنرێت، پوختەی قســــەکە ئەوەیە کەڕاگەیاندن دوو مەبەســــتی هەیە: تەســــکو بەربڵاو، هەروەکو چۆن دەشــــێت لەڕێگەی کۆمۆنیکەیشــــنەوە تێبگەین: وەک کردارو وەک پرۆســــــە لەلایەک- کە ئەوە بواری زۆرینەیەو، وەک دۆخێکی پەیوەندیکاریش لەلایەکی ترەوەو، بواری هاوبەشــــی دوو چەمکەکەش دەکەوێتە لای یەکتر بڕی مانا بەربڵاوەکەی ڕاگەیاندن لەگەڵ کۆمۆنیکەیشندا وەک بارودۆخێک یان کرداری تێنەپەڕو ئەوەش کەدەمێنێتەوەو بەربڵاوو زۆرینەیە بریتیە لەوەی کە کۆمۆنیکەیشــــن گشتگیرو فراوانترە لەڕاگەیاندن.

# شێوازو جۆرەکانی کۆمۆنیکەیشن

لەڕاستیدا پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن‌و هۆکارو کەناڵەکانی بەدرێژایی سەردەمەکان پێشکەوتن‌و گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووەو، هەر لەسەرەتاشەوە هەبووە لەسەر گواستنەوەی بیرو شارەزایی‌و ئەزموون‌و هەستەکانی‌و بگرە تا پێویستیەکانیشی بەوانەی دەوری خۆی، بۆیە لەدەستپێکی کارەکەوە هۆکاری سەرزاری بەکارهێناوە لە کۆمۆنیکەیشندا، بەڵام بەئاسایی ئەم شێوەو ڕێبازە بەپێی شوێن‌و کات سنووردار دەبێت‌و لەوکەسانە تێناپەڕێت کەبەشێوەی ڕاستەوخۆ بەشداری تیادا دەکەن، دوای ئەوەش گواستنەوەی ڕابردووو کەلەپوورە فراوانەکەی لەڕێگەی پشت بەستنەوە بەیادو بیرکردنەوەو دوایش بەگێڕانەوەی سەر زاری کەبەسادەترین هۆکاری کۆمۆنیکەیشن یان گواستنەوەی زانیاری‌و زیاترین سەرەتایی دەژمێردرێت کارێکی گرانە.

لەدوای ئەوە مرۆڤ دەستی دایە تۆمارکردنی بیرو ڕاوو ڕووداوەکان لەڕێگەی ئەو وێنانەوە کەدەیان نەخشاندن لەسەر دیواری ئەشکەوت‌و تاشەبەردو تەختەو ئێسقان، واتە لەڕێی نووسینی وێنەکەوە دواتر گۆڕاو ئیتر وێنەش نرخی لێکدانەوەو گوزارشت کردن‌و هێمایی دەستەبەرکرد دوای ئەوەش مرۆڤ دیسانەوە وەکو لەپێشتردا باسمان لێوە کرد مرۆڤ کەوتە بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی ئاسانتر بۆ نووسین بەچەشنێکی وابێت کە هەر هێمایەکی دەلالەت لە دەنگێگی دیاریکراو بکات، ئیدی(ئەلفبا، ئەلفابێت) سەریهەڵدا کەسەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ(فینیقییەکان) کەخاوەنی گەورەییەکی زۆرن لەداهێنانداو، لەئەلفابێتی فینقیشەوە گۆڕان بەسەر زۆربەی زمانە جیهانیەکاندا هات‌و لەو سەردەمەدا نووسین وەک باشترین هۆکار بۆ گواستنەوەی زانیاری سەریهەڵدا.

لەدوای سەرهەڵدانی نووسینیشەوە مرۆڤ پێداویستی کەوتە مادەو شتی وا کە لەسەری بنوسریّو مێژووی خۆیو بیرو بۆچوونەکانی لەسەر تۆمار بکا، بەنیازی گواستنەوەیان بۆ نەوەکانی دواتر، ئیتر مرۆڤ هەر سەرگەرمی نووسینەوەی بیرو زانیاریو کە لەپوورەکانی خۆی بوو بەدەستو خەتی خۆی ئەوەبوو کەدەستو خەتەکانیشی زۆرترین هۆکاری گواستنەوەی زانیارییەکان بوون، بۆ بەدەمەوە چوونی پێویستیە زۆرەکانی خەڵک بەزانستو مەعریفە چاپخانە سەریهەڵدا بووە هۆی بڵاوکردنەوەی ملیۆنەها کتێب لەیەک کاتداو بەتێچوونو ئەرکی تاڕادەیەک کەم، بەوە چەشنە کتێب وەک هۆکاری سەرەکی مایەوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریو دوای ئەمەش ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆو تەلەفزیۆن سەری هەڵدا.

لەوەی کە لەپێشەوە خستمانە بەرچاو سەبارەت بەهەندێک ناساندنی گشتی کۆمۆنیکەیشن دەرکەوت کە- کۆمۆنیکەیشن- گشتگیرو ئامانجدارەو، لەبەرگرنگی بەکارخستنی کاریگەریەکەی لەسەر پەیام وەرگرەکان هەندێک لە لێکۆڵەرەوەکان بایەخیان داوە بەسروشتی خودی کۆمۆنیکەیشنو هەوڵیان داوە کەپۆڵێنی بکەن بەچەند چەشنێک کەلەخوارەوە کورتیان دەکەینەوە:.

پۆڵێن کردن بەچوار جۆر بەپێی ئامارەکانی: زمانی بەکارهێنراو، ئاقار، پلەی کاریگەری، سەرچاوەی پەیوەندیکردن:.

**یەکەم/ کۆمۆنیکەیشن بەزمان:**

دابەش دەبێت بۆ دووجۆر: سەرزاری (بەدەم، یان بەنووسین)و نازارەکی (ئاماژە، بزاوت، بێدەنگی، وێنە، شێوە، نەخش)و ئەمەش ناگەیەنێ کەجیاوازی تەواو هەبێت لەنێوانیاندا بەڵکو عادەتەن چاکتر وایە پێکەوە بەکار بهێنرێن لەپێناوی کارایی زیاتری کۆمۆنیکەیشندا.

**دووەم/ کۆمۆنیکەیشـــن بەگوێرەی ئاڕاســـتە(ئاقار): ئەویش دووبارە پۆلێن دەکرێتەوە بۆ دووجۆر:.**

أ.لەیەک ئاڕاســـتەدا: ئەمە لەکاتێکدا دەبێت کەخێرایی یان ســـیســـتەم خوازراوبن، یان پەیامنێر حەزبکات کەهەڵەکانی دەرنەکەون‌و پێیان نەزانرێ، یان گوێ نەدات بەڕەخنەگرتنی کەســـــانی دیکە، یان بیەوێت پارێزگاری هێزو هەییەتی (باڵادەستی) خۆی بکات.

ب.لەدووئاڕاســـــتەدا: لەپێناوی زۆر بوونی متمانەی تاکەکان‌و تونای تێگەیشتنیان لەپەیام یان ئەو شوێنەوارو کاریگەرییەی کەپەیامەکە بەجێی هێشتوون تیایانداو دەرفەتدان بەتوانای هەموارکردنی پەیام بەشـــتێک کەخزمەتی ئامانجەکە بکات‌و لەنموونەی ئەم جۆرەش: چاوپێککەوتن، کۆڕبەندی، کۆبوونەوە.

**ســێیەم/ کۆمۆنیکەیشـن لەڕووی پلەو ڕادەی کاریگەرییەوە: دەکرێت بەسێ چەشنەوە:.**

أ-شــــەخصــــی(کەســــی): (ڕاســـــتەوخۆ، ڕووبەڕوو، بەبێ کەناڵی ناوەندگیری"واسگە").

ب-ڕێکخســــتن(ئۆرگانیکی:(کەتایبەترە بەڕێکخراوەکان فرەشــــێوازە وەک: کۆبوونەوەی دروســـــتکردنی بڕیار، بەرنامەی ڕاهێنانی پیشەیی، ئاهەنگی خەڵاتکردن‌و ڕێزلێنان).

ج- جەماوەری: ( ئەوەیان بەربڵاوترو ڕادەی زیاتری هەیە بۆ بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری).

**چوارەم**/ دواجاریش چەشـنەکانی کۆمۆنیکەیشـن بەپێی سـروشـتی سەرچاوەکەی دوو جۆرن:.

**یەکەم:. کۆمۆنیکەیشنی خودی"زاتی"(Intrapersonal):.**

ئەو پرۆسـەی پەیوەندیکردنەیە کەلەخودی تاکەکەسێکدا ڕوودەدات، پرۆســـەیەکی تەواو خودیە مرۆڤ لێرەدا لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە گفتۆگۆو وتو وێژ، لەکاتێکدا هەســـت بەم پرۆســـەیە دەکات کە لەناخی

خۆیدا لەگەڵ خودی خۆیدا دەکەوێتە گفتو گۆو دەست دەکات بە لەخۆ پرسینەوە.

هەستیارەکان پەیامنێری دەبنو پەیامەکەشی بریتی دەبێت لە لێدانە ئەلیکترۆ کیمیایەکانو هۆکارەکەشی دەزگای سەنتەری دەمارو مێشکیش وەرگری پەیامەکە دەبێت، ئەم جۆرە پەیوەندیە لای هەموومان ڕوودەدات کاتێک قسە لەگەڵ خۆمان دەکەین، پەیوەندی بەهەستو بیرو باوەڕوو ڕووخساری گشتی کەسەکەوە هەیە وەک ئەوەی لەخۆماندا دەیبینینو هەستی پێدەکەین.

لەبەرئەوەی ئەم جۆرە کۆمۆنیکەیشنە لەناخی مرۆڤەکەدا کۆبۆتەوەو لەهەمان کاتدا هەر خۆی دەبێتە نێرەرو وەرگر بەم جۆرە:.

پەیام: هەستو بیرو باوەڕی کەسەکەیە.

هۆکاری پەیوەندیکردن: مێشکەکە هەڵدەستێت بەوەرگێڕانی بیرو بۆچوونو هەستەکانو ڕاڤەیان دەکات، هەروەها مێشک وەڵامی پەیامەکە دەداتەوەو بیروباوەر لەسەر وەرگتنی بەشێکو ڕەفز کردنی بەشێکی تری دەدات. نموونە/کاتێک کەسێکی خۆشەویستت ئازار دەداتو خێرایەو هەڵوێستەی خۆیدا دەچێتەوەیان بیرکردنەوە، لەکارێک کەلەتاقی خۆیدا دەیەوێت ئەنجامی بدات، کاتێک بیردەکاتەوەو بڕیار دەدات ئەوکارەبکات هەمووئەمانە نموونەی پڕۆسەی کۆمۆنیکەیشنی زاتییە.

**دووەم: کۆمۆنیکەیشنی نێوان کەسەکان یاخود لەنێوان چەند کەسێکدا(Interpereconl):**

ئەم جۆرەیان بریتیە لەسەرجەم پەیوەندیە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووەکانی نێوان کەسەکان، ئەم پڕۆسەیە بەئەنجام دەگەیەنرێت لەنێوان دووکەس یان زیاترو کەسەکان لێرەدا ناسراونو ئاشنان بەیەکتر، لێرەدا کالێکردن لەنێوان کەسەکاندا دروست دەبێت هەر ئەمەش کەدەبێتە هۆی ئەوەی کە نێرەر لەڕێگەی (Feed back) ەوە

دەتوانێت ئاســـتی تێگەیشـــتنی بەرانبەر بزانێت لەپەیامەکەی هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کۆمۆنیکەیشـــــن کردنی نێوان کەســــــەکان جۆرە لە جۆرەکانی کۆمۆنیکەیشـن یەکێک لەلایەنە باشـەکانی ئەم جۆرە ئەوەیە کەنێرەر لەڕێگەی فیدباکەوە دەتوانێت بزانێت پەیامەکەی تا چ ڕادەیەک پەیامەکەی کاریگەری هەبووەو مەبەستی خۆی پێکاوە.

لێرەوە نێرەر کاتێ زانی پەیامەکەی نەیتوا نیووە کاریگەری دروست بکات ئەوا هەوڵ دەدات گۆڕانکاری لە شــێوازو ناوەڕۆکی پەیامەکەیدا بکات بەمەبەســتی دروســتکردنی زۆرترین کاریگەری هەر بۆیەئێمەش دەمانەوێت لەناوەڕۆکی باســـەکەماندا باســـی بکەین، هەروەها لێرەدا دەبێت نرخاندنو ڕێز گرتنەکە بەدڵسـۆزییو ڕاسـتگۆیی بکرێتو نابێت بەهیچ جۆرێک بۆ گاڵتەکردنو هەڵخەڵەتاندن بێت، بەڵکو دەبێت لەدڵەوە بێت ووشـــەی جوانو ســـیحری بەکار بهێنرێت وەک: من ســـەرســـامم بەبەردەوامیو کۆڵنەدانی تۆ! یان دەزانیت تۆ زۆر گۆڕاوی بەدڵنیایەوە بەرەو باشـتر! جون دیوی دەڵێت" قوڵترین ســروشــتی ناخی مرۆڤ بۆ کارکردن ئارەزوویەتی کەببێ بەکەسێکی دیارو ناسراو.

## ســـێیـــەم: کۆمۆنیکـــەیشـــــنی ئۆرگـــانیی یـــان ڕێکخراوەیی (Organizational Communication):

ئەوەش نمایش دەکرێت لەجۆرە جیاجیاکانی کۆمۆنیکەیشـندا کەلەناو دامـەزراوەکـەدا بـەجێ دەهێنرێـت ئـەمـەش یـافـەرمی دەبێـت (داچوو، هەڵچوو، ئاسۆیی) یان نافەرمی دەبێت.

## چوارەم: کۆمۆنیکەیشـــنی جەماوەری یان کۆمەڵانی خەڵک( Mass Communication ):

ئەو پڕۆســـــەی پەیوەندیکردنەیە کەبەهۆی یەکێک لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەنجام دەدرێت یەکێک لەخاسیەتەکانی ئەم پەیوەندیکردنە ئەوەیە کەتوانایەکی باشی هەیە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بەفراوانترینو

زۆرترین خەڵک لەئاســتو پلەی جیاوازاداو لێرەدا ئەوانەی کەپەیامیان ئاڕاستە دەکرێت  کەسانێکی نەناسروان نازانرێ لە چ ئاستێکی تەمەنو خوێندندانو ئاستی هۆشیاریو ڕۆشنبیریان نازانرێو ئەو پەیامانەی کەدەیان گاتێ لەکاتێکی دیاریکراودایەو کەئەو خۆی بۆ ئامادەکردووە واتە کتوپڕ پەیامەکە دەگاتە وەرگر، یەکێک لەلایەنە باشـــەکانی ئەم جۆرە بریتیە لەدروستکردنی ڕای گشتیو هەوڵ دەدات هەڵسوکەوتو ڕەفتارو شێوازی ژیانی کۆمەڵگە بگۆڕێت.

پێنجەم: کۆمۆنیکەیشـــنی نێوان ڕووناکبیرەکان ( Inter Caltural Communication):

ئەویش لەناو ئەندامانی ڕووناکبیرە جیاوازەکاندا دەکرێت لەپێناوی لەیەک گەیشـــتنو، یەکتر ڕووناکبیر کردن، گۆڕینەوەی کاڵچەرو زۆر جاریش لەڕێگەی کەناڵی تاکو کۆمەڵو ڕێکخراو ناڕێکخراوی وەک: باڵیۆزەکان، پاشکۆی ڕووناکبیری، بازرگان، گەشتیار، پێشانگا، کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، ئاژانســـی دەنگوباس، تەلەفزیۆن، مانگی دەســـتکرد(ســـەتەلایت)و تۆڕی تایبەت بە لایەنو تۆڕی جیهانیی کۆمۆنیکەیشنەوە.

## سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان:


١. بەهادین محەمەد: کۆمۆنیکەیشـــن و نامە چوکلێتیەکانو بێتەل لە شـــۆڕشـــی نوێدا، کەرکوک، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٨.

٢. جەلال فەرحی: چۆن لەبواری ڕاگەیاندندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، و: لوقمان غەفوور، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٩.

٣. عەبدولخالق ئیبراهیم: ڕۆڵی ڕۆژنامە گەریی کوردی لە دروســـــت بوونی بڕیاری سیاسیدا، هەولێر، چاپخانەی هاوسەر، ٢٠٠٩.

٤. عادل شاسواری: کۆمۆنیکەیشن لەسەر ئاستی دووەم ( خود- بەرامبەر)، سلێمانی، بەبێ شوێنی چاپو ساڵ.

٥. فاروق ئەبو زەید: میدیاو دەســەڵات، و: فاروق جەمیل کەریم، سـلێمانی، چاپخانەی لەریا، ٢٠١٢.

٦. فاتیح سەلام: مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری لە جیهاندا، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٠.

٧. محەمەد بن ســعود ئە لبەشــەر: پەیوەندیکردنی ســیاســی، و: مەم بورهان قانع، سلێمانی، چاپخانەی بینایی، ٢٠٠٧.


**سەرچاوە عەرەبییەکان:.**


١. **ابراهيم امام: الاعلام و الاتصال با لجماهير، القاهرة، مكتبة النجلو المصرية، ١٩٦٩.**

٢. **ابو عرقوب، ابراهيم: الاتصال الانسانى و دوره في التفاعيل الاجتماعي، الاردن، دار محمد لاوي، ١٩٩٣.**

٣. **احدادن زهير: مقدمة الى وسائل الاتصال، القاهرة، دار النشر الاهرام، ١٩٩١.**

٤. **احمد وهبان: التخلف السياسي و غايات التنمية السياسية، دمشق، دار الجامعة الجديدة للنشر، ٢٠٠٠.**

٥. **بسيوني ابراهيم حمادة: دور و سائل الاتصال في صنع القرارات في الوطن العربى، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية للنشر، ١٩٩٣.**

٦. **ثروت مكيي: الاعلام واسياسة وسائل الاتصال و المشاركة السياسية، القاهرة، بدون مكان للنشر، ٢٠٠٥.**

٧. **الجردي، نبيل عارف: مقدمة في علم الاتصال، لبنان، مكتبة الامارات، ١٩٨٥.**

٨. **حسان محمد شفيق العاني: ملامح علم الاجتماع السياسي، بغداد، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٦.**

٩. **حسن ابراهيم مكيى، محمد عبدالعزيز البركات:المدخل الى علم الاتصال، الكويت، ١٩٩٥.**

١٠. راسم محمد الجمال: الاتصال و الاعلام في الوطن العربي، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩١.
١١. سلامة، عبدالحافظ محمد: وسائل الاتصال و التكنلوجيا في التعليم، عمان، دار الفكر، ١٩٩٦.
١٢. الطوبجي، حسين حمدي: وسائل الاتصال و التكنولوجيات في التعليم، الكويت، دار القلم، ١٩٨٤.
١٣. العاني، حسان محمد: ملامح الاجتماع السياسي، بغداد، بدون مكان للنشر، ١٩٨٦.
١٤. علي محمد شمو: الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة، مصر، مكتبة الاشجاع للنشر، ٢٠٠٢.
١٥. غريب سيد احمد: علم اجتماع الاتصال و الاعلام، الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية، ٢٠١٠.
١٦. فريال مهنا: علوم الاتصال و المجتمعات الرقمية، دمشق، دار الفكر، ٢٠٠٢.
١٧. فؤاد علي احمد: الاتصال السياسي في الاحزاب الكوردية، السليمانية، مؤسسة حمدي الطباعة و النشر، ٢٠٠٩.
١٨. محمد حمدان المصالحة: الاتصال السياسي، الطبع الثاني، عمان، دار وائل للنشر و التوزيع، ٢٠٠٢.
١٩. محمد سعود البشر: مقدمة في الاتصال السياسي، الرياض، مكتبة العبيكان للنشر، ١٩٩٧.
٢٠. محمد سيد محمد: المسؤلية الاعلامية في الاسلام، طبع الثاني، الجزائر، الؤسسة الوطنية للكتاب، ١٩٨٦.
٢١. محمد عبدالقادر حاتم: ديموقراطية الاعلام و الاتصال، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٦.
٢٢. مصطفى حجازي: الاتصال الفعال في العلاقات الانسانية، بيروت، دار الطبيعة، ١٩٨٢.
٢٣. مي عبداللة: نظريات الاتصال، بيروت-لبنان، دار النهضة العربية، ٢٠١٠.
٢٤. هناء حافظ بدوي: الاتصال بين النظرية و التطبيق، الاسكندرية، مكتب الجامعي الحديث للنشر، ٢٠٠٣.

## سەرچاوە فارسیەکان:.

١.جيرالد ميلر: ارتباط كلامي، و: على ذ كاوتى فزار گلو، چاپی دووەم، تهران، چاپخانه سروش، ١٩٩٩.